# ڕۆڵی ڕۆشنبیری و سیاسیی
# مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی
## ١٩٤٢-١٨٦٣

**پ.ی.د. ڕەسول محەمەد ڕەسول خەلیفانی**
بەشی مێژوو - فاکەڵتی ئاداب - زانکۆی سۆران
rasoul.rasoul@soran.edu.iq

**پوختە**

یەکێک لە کەسایەتییە دیار و بەناوبانگەکانی هەولێر، کە لە ساڵی ١٨٦٣ لە هەولێر لە دایک بووە ناوی (ئەبوبەکر حاجی عومەر) ناسراو بە (مەلا فەندی) یان (کوچک مەلا). سەرەڕای ئەوەی کە زانایەکی ئاینی و وانەبێژێکی بەهێز بوو، بە یەکێک لە کەسایەتییە کاریگەر و بەهاوتاکان لە سەردەمی خۆی دادەنرێت، لەنێو بنەماڵەکانی هەولێر و عەشیرەتەکانی دەوروبەری، کە لەزۆربەی کێشەکان پرس و ڕای پێکراوە، چارەسەر و وتەکانی یەکلاکەرەوە بوون لە کۆتاییهێنان بە ئاڵۆزییەکان.

(مەلا فەندی) دەوڵەمەندییەکەی (کە بە هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی، ئینگلیز و عیراقی مەلەکی پەیدای کردووە)، بەکاری هێناوە بۆ بەخشین بە هەژاران، میوانداری و بەڕێوەبردنی قوتابخانەی (ئەحمەدییە) لە مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر، کە لە دوای مردنی باوکی (مەلا عومەر ئەفەندی) لە ساڵی ١٨٩٠ تا ساڵانی ١٩٤٠ەکان وانەی تێدا وتۆتەوە و لە تەواوی کوردستان و دەوروبەری قوتابی ئاینی ڕوویان تێکردووە، بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی ئاینی کە زیاتر لە (٣٧٠) مەلا لەو ماوەیەدا لەسەر دەستی ئەو مۆڵەتی مەلایەتییان پێدراوە. ئەوەش بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی ناوبانگێکی باش و ناساندنی ناوبراو لە تەواوی کوردستان و ناوچەکە.

ڕێگرتن لە هێرشی بەشێک لە خەڵکی هەولێر لەساڵی ١٩١٨ بە هاندانی عوسمانییەکان، دوای ئەوەی کە ویستیان هێرش بکەنە سەر مەسیحییەکانی

عەنکاوە، بەریان لێدەگرێت و پەشیمانیان دەکاتەوە، قەناعەتیان پێدەهێنێت کە پێویستە بەرگریان لێبکرێت. (مەلا فەندی) ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی دەبێت لە ڕاگرتنی هێرشی عەشایەری دەوروبەری هەولێر لە ساڵی ١٩٢٠، سەرخستنی کرداری ڕاپرسی دانانی مەلیک فەیسەڵی یەکەم لە ساڵی ١٩٢١، مێوانداری کردنی مەلیک فەیسەڵی یەکەم دوو جار ١٩٢٤ و ١٩٣٠، مەلیک غازی ١٩٣٣-١٩٣٩ لە نێوەڕاستی سییەکان و دواجار داڵدەدانی مەلیک فەیسەڵی دووەم لە ساڵی ١٩٤١، کە ئەو کاتە تەمەنی تەنها ٦ ساڵان بوو لەگەڵ خانەوادەکەی پەنایان هێنابووە بەر (مەلا فەندی) لە کۆشکی باداوە.

قۆناغی دووەمی ژیان و چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کەسایەتییە دەست پێدەکات کە لە ١٠-١١-١٩١٨ بە شێوەیەکی ئاشتییانە هەولێر لە لایەن بەریتانییەکان داگیر دەکرێت. ئەگەرچی بیری بەرەنگاری لەلایەن بەشێک لە خەڵکی شارەکە گەڵاڵە دەبێت، بەڵام ئەو لەگەڵ ڕادەستکردنی شارەکە دەبێت. (مەلا فەندی) بە هەڵوێستە باشەکانی سەلماندوویەتی بزوێنەرێکی بەهێزی مێژووی سەردەمەکەی خۆیەتی، کاروکردەوەکانی بووەتە هۆی ئەوەی کاریگەریی بەهێز دروست بکات، لە گۆڕینی ڕای گشتی، بە قبوولکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، ئابووری، و سیاسییەکان. بە نموونە ڕازیکردنی خەڵکی هەولێر بە خواردنەوەی ئاوی پرۆژەی ئینگلیزەکان کە سەرەتا بە حەرامیان زانیوە، ناردنی کوڕ و کچەکانی بۆ قوتابخانەکانی میری. ناردنی (عیزەدین)ی کوڕی بۆ سەربازی لە ساڵی ١٩٣٤. دواتر خەڵک بە لێشاو منداڵەکانیان ناردووە بۆ قوتابخانەکانی میری و سەربازگەکان.

**وشە سەرەکییەکان: کۆشکی باداوە، قوتابخانەی ئەحمەدییەی ئاینی، داگیرکاری ئینگلیز، بنەماڵەی مەلەکی عیراق، کێشەی عەشایەرەکان.**

**پێشەکی**

ئەگەرچی مەلا ئەفەندی لە زۆربەی ڕووداوە سیاسی، ڕۆشنبیری، زانستی و ڕووناکبیرییەکانی هەولێر لە دەیەی کۆتایی سەدەی ١٩ و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەورێکی باڵای هەبووە، بەڵام تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ورد

دەربارەی ژیان و ڕۆڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئەو نەکراوە. گرنگیی ئەو کەسایەتییە لەوەدایە کە ناوبراو کەسێکی سەردەمی دوو حوکمی جیاواز (المخضرمي)، کۆتایی سەردەمی عوسمانی بە تایبەتی لە دوای مردنی باوکی (عومەر بەکر ئەفەندی) لە ساڵی ١٨٩٠ تاوەکو سەردەمی داگیرکاری ئینگلیزی لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ ەوە تاوەکو کۆچی دوایی لە کۆتا ڕۆژی ساڵی١٩٤٢. لە ڕووی زانستییەوە حوجرەکەی ببووە ناوەندێکی خوێندنی بەهێز بە جۆرێک کە ئیجازەی دا بە سەدان مەلا لە ناوچە جیاوازەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و عێراق، ئەوەش بووە هۆی ناسرانی، چونکە پیاوانی ئاینی لەو ڕۆژگارەدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەسەر ناساندنی (مەلا فەندی) چونکە ماوەیەکی زۆر یان کەم لەلای ناوبراو خوێندوویانە و دواتر کە گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان، باسی میوانداری و ڕێزلێنانی ئەویان کردووە، بێگومان پیاوانی ئاینیش کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبووە لەسەر خەڵکەکە. لە لایەکی دیکەوەماڵەکەی ببووە وێستگەیەکی ستراتیجی، کە زۆربەی شاندە سیاسی، دبلۆماسی، سەربازی، کارگێڕی بیانی و ناوخۆییەکان لە کاتی هاتنیان بۆ هەولێر سەردانیان کردووە و لەلای ئەو مێوان بوون، پرس و ڕاوێژیان پێکردووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان. بە نمونە کاتێک لە ساڵی ١٩٢٤ مەلیک فەیسەڵی یەکەم (١٩٢١-١٩٣٣) سەردانی هەولێر دەکات شەو لای ئەو دەمێنێتەوە لە کۆشکی باداوە و جاری دووەم لە ساڵی ١٩٣٠ دووبارە مێوانی دەبێتەوە. تەنانەت لە ساڵی ١٩٤١ کاتێک ڕەشید عالی گەیلانی ڕاپەڕینەکەی بەرپاکرد خانەوادەی پاشای عێراق (فەیسەڵی بچووک ١٩٣٥-١٩٥٨)، هاتنە هەولێر لە ماڵی خۆی داڵدەدان، بە هاوکاری عەشیرەتەکانی دەوروبەری هەولێر تاوەکو بارودۆخ ئاسایی بووەوە، دواتر گەڕانەوە بەغداد.

ئەوەی جێگای سەرنج و پرسیارە، دەوڵەمەندی (مەلا فەندی) لە چی سەرچاوەی گرتووە؟ هەروەها لەبەرچی (مەلا فەندی) بەرگری نەکردووە بەرانبەر داگیرکاری ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٨ و دواتر حوکمی مەلەکی عیراق؟ بگرە هاوکاریشیان بووە لە سەپاندنی دەسەڵاتیان لە هەولێر و باشووری کوردستان.

لە میانەی ئەو توێژینەوەیە توێژەر بۆی دەرکەوت، کۆمەڵێک گیروگرفت بوونەتە هۆی دروستبوونی کەلێن دەربارەی ئەو کەسایەتییە. لەوانە نەمانی کتێبخانەی تایبەتی (مەلا فەندی)، بەهۆی سووتانی لە دوای شۆڕشی تەممووزی ١٩٥٨، ئەگەر کتێبخانەی ناوبراو بەردەست بووایە بێگومان ئەم توێژینەوە دەوڵەمەندتر دەبوو. گرفتێکی دیکە زۆربەی هاوتەمەنەکانی (مەلا فەندی) و تەنانەت کوڕەکانیشی لە ژیاندا نەماون تاوەکو هەندێک لایەنی دیکەی شاراوەی ئەو کەسایەتییەیان دەرخستبایە.

سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە هەمەچەشنن و بە زمانە جیاوازەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی عوسمانی، کە بەم دواییانە زنجیرە پەرتووکێکی بەڵگەنامەیی لە لایەن (ئاشتی رەحمان) وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، دوو بەرگی تەرخانکراوە بۆ هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا. کە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی دانسقەی دەربارەی (مەلا فەندی) و بنەماڵەکەی تێدایە و زانیاریی نەبیستراو و تازەن. وێڕای چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند ئەندامێکی خێزانەکەی کراوە کە زانیاریی ورد و سوودبەخشن و هەندێک زانیاریی هەندێ لایەنی شاراوەیان دەرخستووە، کە بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم توێژینەوەیە وەسفی و شیکاری مێژووییە کە بە شێوەی کاتبەندی (Chronologically)، ساڵ لە دوای ساڵ ڕووداوەکان پەیوەست بەو کەسایەتییە پۆڵێن کراون.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ ژیان و بەسەرهاتی کە چەند لق و پۆپێکی لێ دەبێتەوە، لەوانە لەدایکبوون و پێگەیشتنی، وانە گوتنەوە لە خوێندنگای ئاینی ئەحمەدییە، کۆمەک و هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی بۆ بنەماڵەی (مەلا فەندی)، دروستکردنی کۆشکی باداوە. لە تەوەرەی دووەم-دا تیشک خراوەتە سەر کارە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی و بەهەمان شێوە تەوەرەکە وردکراوەتەوە بۆ چەند لق و پۆپێک. لە گرنگترین ئەو لایەنانەی کە لە تەوەرەی دووەم باس کراون، پێگە و کەسایەتی ناوبراو و هەڵوێست و

پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەریەک لە عوسمانی، ئینگلیز، مەلەکی عێراق، بارزانییەکان و عەشیرەت و کەسایەتییەکانی دیکەی کورد.

**١. ژیان و بەسەرهاتی (مەلا فەندی):**

**١-١ لە دایکبوون و پێگەیشتنی:**

(مەلا فەندی) لە سەردەمێک هاتە دونیاوە کە دەوڵەتی عوسمانی بەرەو هەڵوەشانەوە و ڕووخان دەچوو، حوکمی میرنشینە کوردییەکان کۆتایی پێهێنرابوو، دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی عوسمانی بەسەر کوردستاندا سەپێندرابوو، خەڵکی ڕەش و ڕووت بە دەست زۆریی باج و زوڵم و ستەم دەیناڵاند، ململانێی تەسەوف (قادری و نەقشبەندی) لەلایەک و (سونی و شیعی) لە لایەکی دیکە لەوپەڕی توندیدا بوو (شارەزا، ١٨-٩-١٩٩٤، ٣). ناوی ئەبوبەکر کوڕی مەلا عومەر کوڕی ئەبوبەکر کوچک ئەفەندی ئەربیلی لە ساڵی ١٨٦٣ز (١٢٨٠ک) لە هەولێر لە دایک بووە، لە کەشێکی پڕ زانست و ئەدەب پەروەردە و گەشەی کردووە، لای باوکی زانستە شەرعی و دنیاییەکانی خوێندووە، لە مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر. ئەو وانانەی کە خوێندوویەتی "لەبەرکردنی قورئان، خوێندنی تەجوید، فقه، نحو، سەرف، ڕەوانبێژی، تەفسیر، حەدیث، زانستی کەلام، حکمە، فەلسەفە، فەلەکناسی، مێژوو، بیرکاری و زانستەکانی دیکە" (اسماعیل، ١٩٧٨، ٩٦-٩٧). (ئەبوبەکر ئەفەندی) زۆر زیرەک بووە، وانەکانی بەخێرایی وەرگرتووە، توانای تێگەیشتنی بەجۆرێک باش بووە، کە بووەتە جێگای سەرنجی باوکی، بۆیە کاروبارەکانی خوێندنگا و حوجرەی پێدەسپێرێت لەوانە گوتنەوە و بەخێرهێنان و بەڕێکردنی میوانەکان، لە کاتێکدا کە تەمەنی هەر بیست ساڵ بووە، ئەوەش ڕاهێنانێکی باش بووە کاتێک باوکی (حاجی عومەر ئەفەندی) کۆچی دوایی دەکات لە ساڵی ١٨٩٠[١] (رەحمان، ٢٠٢٢، بەرگی یەکەم، ٢٤-تشرینی یەکەم-١٨٩٢، ٢١١). لە ماوەی ژیانیدا چوار جار ژیانی هاوسەرگیری کردووە، لەگەڵ سەدیقە خان کە کچی عبداللە مخلس کوڕی رەسول بەگ، کە دەکاتە دایکی کوڕی نۆبەرەی (عیزەددین ١٩١٧-١٩٩٩) هەرچی منداڵەکانی ترن لە سێ ژنەکەی دیکەن بەناوی (قاسم - ١٩٢٤-١٩٦٤) هەروەها سێ کچی

هەبوون بە ناوەکانی (نەفیسە - ١٩٢٠-٢٠٠٤)، (ئەدیبە - ١٩٢٨-٢٠١٥ )، (حەسیبە - ١٩٣٠-٢٠٢١)و چەند منداڵێکی دیکەی لە تەمەنی منداڵی مردوون (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عیزەدین مەلا ئەفەندی ٣٠-٨-٢٠٢١).

**١-٢ وانە گوتنەوە و بەڕێوەبردنی خوێندنگای ئەحمەدییە:**

(مەلا فەندی) هەر لە ساڵی ١٨٩٠ جێگای باوکی دەگرێتەوە و شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە و بەردەوام دەبێت لە وانەگوتنەوە و بڵاوکردنەوەی زانست، لە مزگەوتی گەورەی قەڵا، کە لە ساڵی ١٩٠٨ نۆژەن کراوەتەوە (فتی العراق، ١١- شباط-١٩٤٣، ١-٤)، ناوی مزگەوت و قوتابخانەی (ئەحمەدییە) بووە، لە لایەن یەکێک لە باپیرە گەورەکانی (مەلا ئەفەندی) بەناوی (مەلا ڕەسول ئەفەندی) بنیادنراوە (قادر، ٢٠٠٨، ٣٩). بەپێی سەرچاوەیەکی دیکە مزگەوتی ئەحمەدییە لە لایەن والی بەغداد (نەجیب پاشا) نۆژەن کراوەتەوە کاتێک لە ساڵی ١٩٠٨ سەردانی هەولێری کردووە (بەرزنجی، بەرگی ٣، ٢٠١٢، ٢٠١-٢٠٢). هەر بەپێی هەمان سەرچاوە، کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی (مەلا فەندی) کردووە، بە شێوەی زارەکی پێیان ڕاگەیاندووە، خەلیفەکانی عوسمانی پتر لە بیست گوندیان بۆ تەرخان کردبوو تا سوود لە بەروبوومەکانیان وەربگرێت وەکو مووچە بۆ پێداویستییەکانی مزگەوت و فەقێکانی (بەرزنجی، بەرگی ٣، ٢٠١٢، ٢٠٧). بەڵام توێژەرێکی دی پێی وایە مزگەوتەکە لەسەر ئەرکی (مەلا ئەفەندی) خۆی نۆژەن کراوەتەوە لە ساڵی ١٩٠٨ بەجۆرێک کە شوێنی وانەگوتنەوەی لە جێگەی نووستن و گوزەرانی قوتابییان جیاکراوەتەوە، لە هەموو کوردستان و ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ خوێندن و زانست وەرگرتن لەم زانا بلیمەتە ڕوویان لە هەولێر و خوێندنگاکەی دەکرد، ماوەی وانەگوتنەوەی نزیکەی (٦٠) ساڵ دەبوو، زیاتر لە (٣٧٠) قوتابی لەسەر دەستی ئەو فێربوون، ئیجازەی مەلایەتییان لای ئەو وەرگرتووە (اسماعیل، ١٩٧٨، ٩٧؛ شارەزا، ١٨-٩-١٩٩٤، ٣). ئەگەرچی (زوبێر بیلال و کەریم شارەزا) پێیان وایە جگەلە نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکە، ژیان و خەرجی هەموو قوتابییەکان لەسەر کیسەی (مەلا فەندی) بووە، لە پارە و دەستکەوتی موڵک و ماڵەکەی، هەروەها یارمەتیی ماددی و مەعنەوی

کردنەوەی خوێندنگایەکی دیکەی ئاینی داوە لە هەولێر و دەوروبەی، ئەوەش بە ناردنی پارە، مەلای زیرەک کە لای ئەو دەرچوون یاخود خوێندوویانە و هەروەها پێدانی کتێب (شارەزا، ١٨-٩-١٩٩٤، ٣). دیارە نووسەری ناوبراو لەو زنجیرە وتارەی لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩٤ دەربارەی (مەلا فەندی) بڵاوی کردوونەتەوە، ئەو بەڵگەنامە عوسمانییانەی دەستنەکەوتوون، کە ئاماژە بە هاوکاری عوسمانییەکان دەدەن بە خۆی و باب و باپیرانی، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری لە مزگەوتی گەورەی قەڵا و خوێندنگەی (ئەحمەدییە) لە هەمان مزگەوت لە هەولێر. ئەوەتا بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە (١٤ی ئابی ١٨٦٠) دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکات کە (مەلا ئەبوبەکری دووەم)ی باپیرە گەورەی (مەلا فەندی) لەو ساڵەدا مردووە، گوندی بیرەباتی یوسف و چەند گوندێکی دیکە بە بڕی (٥٤٨٨) ئاقچە[٢] کە لەلایەن عوسمانییەکانەوە پێبدراوە بە مەبەستی بەکارهێنانی بەروبوومە کشتوکاڵییەکەی تاوەکو بژێویی ژیانی خێزانەکەی پێدابین بکات، چونکە خەریکی وانەگوتنەوە بووە لە مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر. لەبەرئەوەی (مەلا عوسمانی) کوڕی درێژە بە وانەگوتنەوە دەدات، بۆیە بڕیار دەدرێت بە گواستنەوەی موڵکیەتی هەمان زەوی بە ناوبراو (ڕەحمان، ٢٠٢٢، بەرگی یەکەم، ١٤-ئۆغستۆس-١٨٦٠، ١٠٥). شایانی باسە دیارترین ئەو قوتابیانەی کە لای (مەلا فەندی)یان خوێندووە ئەمانەن (شێخ مستەفای نەقشبەندی، هیبة الله ئەفەندی موفتی ئاکرێ، کوڕە مامەکەی محمد عوسمان موفتی، مەلا عبدالله ئەفەندی موکریانی، مەلا یوسف السلماني، مەلا تەها کەرکووکی، سەید عبدالله ئەفەندی موکریانی، عبدالفتاح ئەفەندی شوانی، شێخ محمد خاڵ، حاجی محمد شوانی، شێخ عارف ئەشنەوی، محمد تاج الدین تالشی، مەلا محمد سابلاغی، مەلا محمد ئەفەندی سەقزی، مەلا ئەحمەد بەیاتی، و حاجی ساڵح کۆزەپانکەیی (اسماعیل، ١٩٧٨، ٩٧-٩٨). بە وردبوونەوە لە نازناوی ئەو مەلایانەی لای (مەلا فەندی) دەرچوون، دەردەکەوێت کە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی باشوور، کوردستانی ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عیراق لای (مەلا فەندی)یان خوێندووە. (مەلا فەندی) دوو

کتێبخانەی گەورە و فراوانی هەبوو، یەکیان لە مزگەوتی گەورەی قەڵا، ئەوەی دووەم لە باداوە، لە دوای ڕووخانی حوکمی مەلەکی عیراق لە ساڵی ١٩٥٨، کۆشکی باداوە کەوتە بەر لێشاوی تاڵان و دواتر سووتان لە ساڵی ١٩٦٣ چونکە (عیزەدین ١٩١٧-١٩٩٩) لە ئەوروپا بوو (ئازاد عیزەدین ١٩٥٠-...) تەمەنی گچکە بوو و نەیدەتوانی کتێبخانەکە بپارێزێت، بەهەرچۆنێک بێت، بەشێک لە کتێبەکان بۆ ماڵی (ڕەشاد موفتی) ئامۆزای (مەلا فەندی) گواستراونەتەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عیزەدین مەلا ئەفەندی ٣٠-٨-٢٠٢١). (مەلا فەندی) کۆمەڵێک دەستنووسی لە دوای خۆی بە جێهێشتوون، کە تا ئێستا نە چاپکراون و نە لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە، لەوانە کتێبی تەفسیر (دەستنوس)، کتێبی (علم الاسطرلاب – کۆپییەکی ئەو دەستنووسی [مەلا فەندی]یە- ساڵی دانان ١٣٥٠ کۆچی = ١٩٣١، لە دەستنووسخانەی زانکۆی سلێمانی پارێزراوە، کە لە ڕۆژی ٧-١-٢٠٢٠ تۆمار کراوە، کە قوتابییەکانی ئەو دەیانخوێند، ناوەرۆکەکەی بریتییە لە گەردووناسی و ساڵژمێری و بابەتەکانی تریش تایبەتن بە فەرموودەکان و ڕێنماییەکانی ئیسلام) (افندی، ١٩٣١، ١-١٥٨). کتێبی جەبر کە بە شێوە زمانی کۆن نووسراوەتەوە، دەستنووسێکی بیرکارییە قوتابییەکانی دەیانخوێند. هەروەها چەند دەستنووس و کتێبی وەرگێڕدراوی دیکەی هەیە، لە لایەن (زوبێر بیلال) تۆمار کراون (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: اسماعیل، ١٩٧٨، ٩٨-٩٩).

### ١-٣ کۆمەک و پشتگیری دارایی دەوڵەتی عوسمانی لە خوێندنگای ئەحمەدییە:

بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی زیاتر زانیاریی ئەوە دەدەن، ئەوەتا باب و باپیرانی (مەلا فەندی) لە دێرزەمانەوە لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە هاوکاری کراون. ئەوەش بەمەبەستی برەودان بە بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعی لە خوێندنگای (ئەحمەدییە)ی نێو مزگەوتی گەورەی سەر قەڵای هەولێر. هاوکارییەکان بریتی بوون لە پێدانی گوند، بەروبوومی کشتوکاڵی، بڕینەوە و پێدانی مووچە، وەرگرتنی باجی کۆکراوەی ئەوقاف و پێدانی مەدالیای ڕێزلێنانی کوچک

حاجی عومەر ئەفەندی، باوکی مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی خۆی تەرخان کردووە بە وانەگوتنەوە لە هەولێر و گەشتکردنی بۆ بەغدا، مووسڵ و ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی ئێران بە مەبەستی وانەگوتنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری. ئەو کارەشی کاریگەری کردووەتە سەر گوزەرانی خێزانی ناوبراو و تووشی نەهامەتی، تەنگانە و پێویست بووەتەوە، بۆیە لە (٢٧ی مایسی ١٨٩١) مووچەیەک بە بڕی (١٠٠٠) قڕوشی بۆ دەبڕدرێتەوە لە لایەن وەزارەتی ناوەخۆی دەوڵەتی عوسمانی (١٨ شوال ١٣٠٨. (٢٧ مایس ١٨٩١) MV ٠٠٠٦٤,٠٠٠٧٣ (ڕەحمان، ٢٠٢٢، بەرگی یەکەم، ١٥٩). بەپێی بەڵگەنامەیەکی دیکەی عوسمانی، لە کاتی مردنی (حاجی عومەر ئەفەندی) (٥٣) قوتابی قوتابخانەی ناوبراو بەجێ دەهێڵن، ئەو قوتابییانەی کە گەیشتوونەتە دەرچوون ٣٠ قوتابی بوونە، کە لەو ساڵەدا دەردەچوون و مۆڵەتیان پێ دەدرا، یەکێك لەوانەش کوڕەکەی ناوبراو بووە، (ئەبوبەکر ئەفەندی)، ئەویش وەکو باوکی لە گەشتی وانەگوتنەوە بەردەوام دەبێت، بۆیە ئەو (١٠٠٠) قوروش مووچەیەی، کە لە حاجی عومەر ئەفەندی ماوەتەوە، بۆ (ئەبوبەکر ئەفەندی) دابین کراوە، هەروەك چۆن یەکێك بووە لە خانەدانەکانی زانست و زانیاری، لە شوێن ئەویش (ئەبوبەکر ئەفەندی) کوڕی، لەم خزمەتە و لە پاراستنی ئەم زانست و زانیارییە بەردەوام دەبێت. بەڵگەنامەکە زیاتر لەو بارەیە دەدوێت: **((ئەگەر مووچەی دیاریکراویش لە کاتی خۆی نەبەسترێت، دەبێتە حاڵەتی هەژاری و تەنگژە و کاریگەری بەسەر پەرشوبڵاوبوونەوەی قوتابیانی مەدرەسەی ناوبراویش دەبێت، لە سنووری ئێران لە دەوروبەری کوردستانیش قوتابی تێدا دادەبڕێت، گومانی تێدا نییە خەلافەت پەناهیش لە رووی زانستەوە ناڕەزایی دەرنابڕێت، هەروەها ئەبوبەکر ئەفەندی لە رووی کارگێڕییەوە دەتوانێت مەدرەسەی ناوهاتوو بەڕێوە ببات، بە ماوەیەکی کەمیش وەکو باوکی لێهاتوویی بەدەست دەهێنێت، ئەم مووچەیەش کە بۆی دابین دەکرێت، بۆ هەموو لایەك سوودی زۆری دەبێت، مووچەی دیاریکراوی حاجی عومەر ئەفەندی لە مێژووی مردنیەوە، کە دەکاتە ٤ی کانوونی یەکەم ١٣٠٧، بۆ کوڕەکەی ئەبوبەکر ئەفەندی دابین بکرێت، بۆ ئەم**

**مەبەستەش لە نەزارەتپەناهی ڕەزامەندی دراوە، بڕیارو فەرمان بۆ ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ٢٠ی ڕەجەب ١٣٠٩ و ٦ شوبات ١٣٠٧. والی مووسڵ))** DH. ٠١٢٩٨,٠٠٠٠٢٢ ٢٠ ڕەجەب ١٩ ( ١٣٠٩ شوبات ١٨٩٢) (ڕەحمان، ٢٠٢٢، بەرگی دووەم، ١٨٧). دوای کۆچی دوایی باوکی مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی هەمان بڕە پارە وەردەگرێت بە شێوەیەکی ڕەسمی بەپێی نووسراوی ژمارە (٤٨) لە ڕۆژی ٢٣ی شەعبانی ١٣٠٩ کۆچی (٢٢ی مارتی ١٨٩٢) مووچەکەی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو هەمان ڕێچکەی باوکی گرتووە لە وانەگوتنەوە لە هەمان مزگەوتی گەورەی هەولێر لەسەر قەڵا، زیاتر لەوەش (٥٠٠) قوڕوشی دیکەیشی مانگانە لە داهاتی ئەوقاف بۆ بڕدراوەتەوە لەسەر داوای خۆی کە ئەوکاتە مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی نیشتەجێی تەکییەی فاتیمە خان بووە لە هەولێر. (بۆ نەزارەتی ناوەخۆ. BEO، ٠٠٢٧٢١ . ٠٠٠٠٣٧ ، ٢٦ زیلحیجە ١٣٠٩ (٢٢ تەمموز ١٨٩٢) ڕەحمان، ٢٠٢٢، بەرگی یەکەم، ١٧٢).

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی (مەلا فەندی)، زۆرێک لە هۆزەکانی باشوور و ناوەڕاستی عیراق مەزهەبیان گۆڕی لە سوننەوە بۆ شیعە. ئەوەش بە هۆی سەرسام بوونیانەوە بووە بە هەوڵ و کۆششی پیاوانی ئاینی کە سەردانی مەزارە پیرۆزەکانی ئەو ناوچانەیان کردووە یاخود ئەو سەربازانەی کە ئەرکی بەرگریکردنی مەزارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلایان پێسپێردراوە، لە دژی هێرشی وەهابییەکان. لە ئەنجامدا دەوڵەتی عوسمانی کۆمەڵە بانگخوازێکی سوننەی نارده نێو ئەو هۆزانە، بە مەبەستی بە سوننەکردنەوەیان و سەپاندنی خوێندنی حکومی بە کردنەوەی قوتابخانە لە تەواوی عیراق (Simon, 2004, 7-8). ئەوەتا بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی لە ساڵی ١٨٩٢، والیی ئەو کاتەی مووسڵ ئاراستەی سوڵتانی عوسمانی کردووە لە ئەستەنبوڵ لە ژێر ناو و نیشانی (التدابیر اللازمة لتقدم المعارف في الموصل و شهرزور (=كركوك) و السليمانية - واتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ڕێکخستنی زانیاری لە مووسڵ و شارەزوور

(کەرکووک و سلێمانی)، تێیدا ئامانجی عوسمانییەکان لە پشتگیری کردنی ماددی و مەعنەوی لە کردنەوەی قوتابخانەکانی روشدییە و خوێندنگا ئاینییەکان ڕووندەکاتەوە، کە بریتی بووە لە دژایەتیکردن و بەرگرتن لە تەوژمی بڵاوبوونەوەی شیعەگەری لە ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ و دەوروبەری کەرکووک (هەولێر سەر بە کەرکووک بووە لە ڕووی کارگێڕییەوە)، کە هاوسنوور بووینە لەگەڵ ئێران. ئەوەش بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی عەشیرەتە دوورە دەست و هاوسنوورەکان کە بە عەشیرەتی دواکەوتوو و سەرەتا ناوهێنراون لە بەڵگەنامەکە-دا، تاوەکو بە ئاسانی نەبنە نێچیری دەستی ئاخوندەکانی شیعە و بەرگرتن لە درێژبوونەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچە سنوورییەکان (مراد، ٢٠٠٥، ٦٥). هەربۆیە عوسمانییەکان پشتگیری ماددی و واتایی خوێندنگای (ئەحمەدییە) و بنەماڵەی (مەلا فەندی) کردووە کە بە شێوەیەکی پشتاوپشت کاری بەڕێوەبردن و مامۆستایەتییان کردووە لەو قوتابخانەیە. ئەوەش دەرفەتی زیاتری بەو بنەماڵەیە بەخشیوە تاوەکو زیاتر دەربکەون و سوود لەو بارودۆخە وەربگرن، لە ڕووی ئاینی و موڵکدارییەوە.

لەماوەی (٥٠) ساڵی وانەگوتنەوەی وەکو مامۆستای ئاینی، لە قوتابخانەی ئەحمەدییەی قەڵای هەولێر، وانەی بە (٣٠٠) قوتابی ئاینی بە پلەکانی فەقێ و موستەعید وتۆتەوە و مۆڵەتی مەلایەتی داوە بە زیاتر لە (١٠٠) قوتابی last accessed 12-07-2022) https://ckb.wikipedia.org/wiki/ مەلا_فەندی.) ئەوانەی کە لای ئەویش دەردەچوون کاری مەلایەتی بۆ دەدۆزینەوە هەروەک مەسعود محەمەد دەڵێت **(ئەوەی ئیجازەی لێ وەرگرتبایە شوێنێکی بۆ دەدۆزییەوە مەلایەتیی تێدا بکات.)** (محەمەد ، ٢٠١٦، ٢٢٩). ئەوەش دەرخەری ئەوەیە، کەسایەتییەکی بە هێزی هەبووە، لە لای حکومەت و خەڵک قسەی بەهەند وەرگیراوە و ڕێز لە داواکارییەکانی گیراوە و جێبەجێ کراون.

عوسمانییەکان و دەوڵەتی مەلەکی عێراق تەنها بە هاوکاریکردنی ماددی نەوەستاون لە پشتگیریکردنی (مەلا فەندی)، بەڵکو لە ڕووی واتاییشەوە ڕێزیان

لێناوە ئەوەش بە هۆی کارە خێرخوازییەکانی ناوبراو بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشە عەشایەرییەکانی ناوچەی پشدەر و نێوەندگیری کردن لە پێکهێنانەوەی عەشیرەتە ناکۆکەکانی ئەو ناوچەیە، عوسمانییەکان خەڵاتی سوڵتانیان پێ بەخشی لە ساڵی ١٩٠٨ (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان موفتی لە هەولێر ١-١٢-٢٠٢١). مەلا فەندی جارێکی دیکە لە (٣ی کانونی دووەمی ١٩١٢) خەڵاتی نیشانەی (وسامی) شێخولئیسلامی پێدەدرێت، کە بریتی بووە لە پارچە نیشانێکی عوسمانی (ڕەحمان، بەرگی ٢، ٣ی کانونی دووەمی ١٩١٢، ٢٧٥). سوڵتانی عوسمانی (عبدالحمیدی دووەم) خەڵاتی نیشانەی (وسامی) (خادم الحرمین الشریفین)ی پێداوە، وەک ڕێزێک بۆ هەوڵ و کۆششەکانی ناوبراو لە برەودان بە خوێندن و چەسپاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، خەڵاتەکەش بە دووەم گرنگترین خەڵاتی تەشریفاتی دادەنرێت لە دوای (الصدر الأعظم) بدرێت بە ناوداران لە دەوڵەتی عوسمانی. لە سەردەمی مەلەکیش دەسەڵاتدارانی عێراق خەڵاتی (وسام الرافدین)ی پێ دەبەخشن، وەکو ڕێزگرتنێک لە کەسایەتی (مەلا فەندی) (اسماعیل، ١٩٧٨، ١٠١).

**٤-١ ڕۆڵی (مەلا فەندی) لە گۆڕینی بیروڕای خەڵک:**

لە دیدی بەریتانییەکانەوە خاڵی بەیەکگەیاندنی دانیشتوانی بەربڵاوی دێهات و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەت سەرۆک خێڵ، شێخ، مەلا و ناوداران بوون. بۆیە بە درێژایی سەردەمی داگیرکاری بەریتانی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر، هەوڵی دەستخستنی لایەنگیریان بوون (گۆرکاس، ئاوێنە،

last accessed 10-07- https://www.awene.com/detail?article=72859

2022). یەکێک لەو کەسایەتییانەی کە بووە لایەنگیری دەسەڵاتی داگیرکاری ئینگلیز (مەلا فەندی) بوو. بۆیە لە کاتی پێویست پەنایان بۆ دەبرد بەنموونە، یەکێک لە کارە خزمەتگوزارییەکانی دەسەڵاتی بەریتانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بوو لە کانییەکی پاک بۆ سەر قەڵاتی هەولێر بە ترۆمپا و بۆری، بەڵام ئەوەی سەیرە خەڵک ئاوەکەی نەدەخواردەوە پێیان حەرام بووە، چونکە پێیان وابوو کافرەکان دابینیان کردووە. دواجار (مەلا فەندی) سەرکەوتوو بوو لە ڕازیکردنی خەڵکەکە بە خواردنەوە و

بەکارهێنانی ئاوەکە (lyon, 2002, 92). پرۆژەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ سەر حەوزی قەڵا لە ساڵی ١٩٢٤دا لە کارێزی میری بە بۆڕی پۆڵاین (الانابیب الفولاذیة) بە بەرزی (٤،٥م) و تیرەی (١٤م) ڕاکێشرا، لەوێشەوە بەسەر ماڵانی گەڕەکی قەڵا دابەش کراوە (قادر، ٢٠١٣، ٣٨٣). دوای داگیرکردنی عێراق و باشووری کوردستان، لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و بەدواوە دەوڵەتی بەریتانیا کۆمەڵێک قوتابخانەی کوڕان و کچان لە سەرتاسەری عێراق کردەوە. بەپێی بەڵگەنامەکانی بەریتانی، یەکەم قوتابخانەی کچانی مەسیحی لە هەولێر بە شێوەیەکی فەرمی لە (١١ی نیسانی ١٩٢١)دا کردووەتەوە (Iraq administration reports 1914-1932, 1992, vol 7, p 54) موسڵمانەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧ لە سەردەمی دووەم موتەسەڕیفی هەولێر (عبدالمجید یعقوبی ١٩٢٧-١٩٣٠) قوتابخانەیەکی کچانیان کردەوە لە سەر قەڵات بەناوی (مدرسة أربیل للبنات – قوتابخانەی هەولێری کچان)، کە ژمارەی قوتابییەکان (١٦) کچ بووینە، وانەکان بە زمانی عەرەبی بووە و کوردی تێدا نەخوێندراوە، مامۆستاکانیش خەڵکی مووسڵ و بەغدا بوون (هەمزە، ٢٠٠٩، ٢٥٢٧). مەلا ئەفەندی یەکەم کەس بوو کە کچی خۆی بەناوی (نەفیسە) ناردە قوتابخانە (ئەمین، ٢٠٢١، ٦).

بە نموونە لە ناوەڕاستی (١٩٣٠)ییەکان کاتێک ئینگلیز یەکەم کەمپەینی بەسەربازکردنی کوڕانی لە هەولێر ڕاگەیاند. سەرۆک خێڵە کوردییەکان کوڕەکانیان نەناردووە بۆ نێو سوپا، بەڵام (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی) ئامۆزای موتەسەڕیف (ئەحمەد ئەفەندی ١٨٧٩-١٩٤٦)، فەرمانی بە کوڕەکەی خۆی کردووە کە پەیوەندی بکات بە سەربازگەکە، دواتر خەڵکی تر بە لێشاو پەیوەندی پێوە کردوون (lyon, 2002, 92). ئەو کوڕەشی (عیزەدین) بوو، چونکە قاسم بە تەمەن بچووک بوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عیزەدین مەلا ئەفەندی ٣٠-٨-٢٠٢١).

**١-٥ دروستکردنی کۆشکی باداوە:**

تا ساڵێک بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی (مەلا فەندی) ماڵی لە نزیک مزگەوتی گەورە بوو لەسەر قەڵای هەولێر، (مەلا فەندی) لە ساڵانی (١٩١٣-١٩١٤) کۆشکە نایابەکەی لە باداوە[٣] بنیادنا لەسەر موڵکی خۆی، ماڵی گواستەوە ئەوێ. هۆکاری گواستنەوەی مەلا ئەفەندی بۆ باداوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەمین ژنی بە نەخۆشی سیل دەمرێت، قەڵا بەجێدەهێڵێت، وەک (لاین) دەڵێت: ((**دوای ئەوەی ژنی یەکەمی لەو ژنانەی کە هەیبوون بە نەخۆشی سیل مرد، ئەوەندە بە هەست بوو کە قەڵای بەجێهێشت و خانوویەکی گەورەی لە شوێنێکدا دروست کرد کە با دەیگرتەوە و هەر نزیکەی مایلێک لە خوارەوەی شارەکەوە بوو، لەوێ مزگەوتێکی بنیاتنا، هەروەها کتێبخانەکەشی کە کتێبی فارسی، تورکی و عەرەبی تێدا بوو، لەگەڵ باخێک و دیوەخانەکەی**)). (Lyon, 2002, 91)

ڕۆژانە (مەلا فەندی) سەرەتا بە عارەبانە (گالیسکە) دواتر لە بیستەکانیش بە ئۆتۆمبێل هاتوچۆی مزگەوتی قەڵای دەکرد. تا دوای نوێژی نیوەڕۆ بە وانەگوتنەوە و میوانداری خەریک بوو، نانی نیوەڕۆی دەهێنایە باداوە، عەسرانیش لە دیوەخان دەبوو تا پێش نوێژی ئێوارە، شەو کە میوانی هەبوایە دەیدواند تا دەمی نووستن. (محەمەد ، ٢٠١٦، ٢٢٩). بەڵام بەپێچەوانەوە (لاین) دەڵێت: ((**ئەو زۆر دەگمەن ئەو شوێنەی جێدەهێشت، مەگەر بۆ نوێژی هەینی کە لە مزگەوتەکەی قەڵا دەکرا**)) (Lyon, 2002, 91). ڕای یەکەم لە ڕاستییەوە نزیکە چونکە (مەسعوود محەمەد) کە لە نێو ماڵی (مەلا فەندی) ژیاوە لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو، لە لایەکی دیکەوە لاین زۆر لە کۆشکی باداوە نەماوەتەوە وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات: ((**لەو کاتانەدا کە لە مۆڵەت دەگەڕامەوە، یاخود زۆر گوم دەبووم و لە چیاکان بە ململانێی سنوورییەوە سەرقاڵ بووم، یان لە بۆسەیەک ڕزگارم دەبوو، مەلا ئەفەندی دەهاتە ئۆفیس و داوەتی دەکردم بۆ میوانداری لە خانووەکەی خۆی. ئەو وتووێژکەرێکی نایاب و کابرایەکی چاوتێر و دەست و دڵفراوان بوو. خوانەکەی تا بڵێی رازاوە بوو، نزیکەی تەواوی خواردنە تورکی، فارسی و عەرەبییەکانی لەسەر بوو. کە لەلای ئێمەوە جێگای پێزانین بوو**)). (Lyon, 2002, 91) ڕەنگە لە کۆتایی تەمەنی لە سەرەتای

چلەکانی سەدەی ڕابردوو تەنها لە باداوە ژیانی بەسەر بردبێت تاقەتی هاتوچۆی قەڵای هەولێری نەمابێت، تەنها بۆ نوێژی هەینی چووبێتە مزگەوتی گەورەی قەڵا.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان هەموو ئەوکەسانەی سەردانی هەولێریان کردووە لە چینە جیاوازەکانی دەسەڵاتداران، پیاوانی ئاینی، ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکان، لە کۆشکی باداوە بوونەتە مێوانی (مەلا فەندی) لەوێ ماونەتەوە، ئاماژەیان بە میواندۆستی و ڕێزگرتنی ناوبراو کردووە. دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانی سەردانی ئەو کۆشکەیان کردووە و لای (مەلا فەندی) میوان بوون، وەکو (جمال پاشا السفاح)، (عون الله الكاظمي)، (سليمان نظيف) و ... هتد (شریف، ١٩٩٤، ٣). ڕەنگە ئەو کەسایەتی و شاندانە، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی سەردانی هەولێر و کۆشکی باداوەیان کردبێت، بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی بەرەکانی جەنگ لە میزۆپۆتامیا و باشووری کوردستان، لە بەرەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی هەولێر دژی هێرشی ڕووسەکان و بەرەی باشووری عیراق دژی بەریتانیا کە هەولێر کەوتبووە سەر ڕێگای سوڵتانییە و گەیشتن بەو ناوچانە، هەروەها مەلیکەکانی عیراق (فەیسەڵی یەکەمەم ١٩٢١-١٩٣٣) دوو جار لە ساڵەکانی ١٩٢٤ و ١٩٣٠ سەردانی ئەو کۆشکەی کردووە و (مەلیک غازی ١٩٣٣-١٩٣٩) لە ساڵی ١٩٣٣ سەردانی کۆشکی باداوەی کردووە، (مەلیک فەیسەڵی دووەمیش) کاتێک تەمەنی تەنها شەش ساڵان بووە لەگەڵ خانەوادەکەی لە ساڵی ١٩٤١ لە سەروبەندی بەرپابوونی جووڵانەوەی (ڕەشید عالی گەیلانی ١٨٩٢-١٩٦٥) پەنای هێناوەتە ماڵی (مەلا فەندی) لە کۆشکی باداوە هەموو ئەو سەردانانە لە شوێنی دیکەی ئەو توێژینەوەیە ئاماژەیان پێدراوە. ئەوە وێڕای زۆربەی سەرۆک وەزیرەکانی عیراق لە سەردەمی مەلەکی (نوری سعید ١٨٨٨-١٩٥٨)، (یاسین الهاشمي ١٨٨٢-١٩٣٧)، (طه الهاشمي ١٨٨٨-١٩٦١)، (جعفر العسكري ١٨٨٥-١٩٣٦)، (جميل المدفعي ١٨٩٠-١٩٥٨)، (رشيد عالي الكيلاني) و چەندانی دیکە (شریف، ١٩٩٤، ٣). ئەوەتا لە کۆتایی تەمووزی ١٩٣١ گەڕیدەی کوردی- ئەردەنی (عەلی سەیدۆ گۆرانی) سەردانی هەولێر دەکات. یەکەم وێستگەی سەردانەکەی ماڵی (مەلا فەندی) دەبێت لە کۆشکی باداوە، گەواهی ئەوە

دەدات کە یەکێکە لە دەوڵەمەندەکانی هەولێر، تەکیەی دروست کردووە، وانەی بە قوتابییەکانی گوتۆتەوە و لەسەر کیسەی خۆی بەخێوی کردوون (الگورانی، ٢٠١٢، ١٢٦). بەڵام وەک لە چەند شوێنێکی دیکەی ئەو توێژینەوەیە ڕوونکراوەتەوە، عوسمانییەکان چەندین گوند و موڵکیان بەخشیوە بەو بنەماڵەیە بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنی ئاینی لە قوتابخانەی ئەحمەدییە، تەنانەت هەر لە ساڵی ١٨٩٠ەوە مووچەشیان بۆ بڕیونەتەوە.

**٢. ڕۆڵی سیاسی:**

**٢-١ کەسایەتی (مەلا فەندی) و هەڵوێستی بەرانبەر بە عوسمانییەکان:**

وەک لە تەوەرەی یەکەم ڕوونکرایەوە (مەلا فەندی) خەریک بووە بە دەرس گوتنەوە، نووسین، ڕووەکناسی و فەلەکناسی لە مزگەوتی گەورەی قەڵای هەولێر و کۆشکی باداوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەرییەکی زۆری گەورەی لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبووە لە سەر ڕیشسپی، سەرۆک هۆزەکانی هەولێر و دەوروبەری و دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عێراق لە تەواوی عێراق، بە جۆرێک ڕۆڵی هەبووە، ڕێڕەوی ڕووداوەکانی گۆڕیوە بۆ بەرژەوەندیی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی و یەکلاکردنەوەی کێشە ئاڵۆزەکان، وەک (لاین) دەڵێت: **((دەسترۆیشتووترین پیاوماقووڵ لە هەولێردا ئەبوبەکر بوو، کە زانایەکی ئاینیی پیرۆز بوو، بە مەلا ئەفەندی بانگدەکرا، ئەو زۆر بە بایەخەوە هەواڵە جیهانی و هەرێمییەکانی وەردەگرت، هەروەها زانیاری لە زۆربەی بوارەکاندا، هەر لە ئەستێرەناسییەوە تا گژوگیاناسی هەبوو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە لە ژیانیدا لە لیواکە نەچووبووە دەرەوە کابرایەکی نائاسایی بوو))** (lyon, 2002, 91). (مەسعود محەمەد)یش بەم جۆرە وەسفی دەکات: **((لەلایەن شۆرەتی دنیایشەوە کەس نەبوو لە کوردستانی خۆمان [کوردستانی باشوور] لەوی تێپەڕاندبێ))** (محەمەد ، ٢٠١٦، ٢٢٩). لە مێژوودا دروستبوونی کەسایەتی کارێزما و پاڵەوان لە بوارە جیاجیاکانی ژیان بەبێ ئەوەی گەشتی دەرەوە بکەن کەمن، بەڵام (مەلا فەندی) لە هەموو ژیانیدا یەک جار چووەتە شاری مووسڵ، ئەویش بە مەبەستی سەردانی کردنی دکتۆر بۆ وەرگرتنی چارەسەری

ددانەکانی (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عیزەددین مەلا ئەفەندی- ٣٠-٨-٢٠٢١). ئەگەرچی ئەو هیچ پۆستێکی فەرمی لە حکومەت نەبووە، بەڵام کاریگەری و قورسایی زۆری هەبووە لەسەر حکومەت و جەماوەر وەک کاپتن (های) ئاماژەی پێدەدا **((هەرچەندە کە ئەو لە حکومەت و حکومەتیش لە ئەو نزیک بوو کەچی هەموو پۆستەکی حکومی ڕەتکردەوە و هەمیشەش بەهەموو توانایەوە یارمەتی حکومەتی دەدا. ئەو لە هەموو کەس زیاتر ڕێبەرایەتی ڕای گشتی دەکرد لە هەولێر.))** (Hay, 1921, 174).

هەولێر لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی شوێنێکی ئارام بوو، بەڵام کاریگەرییەکانی ئەو جەنگەی بەسەرەوە هەبوو، جێگای سەرنجە ئەو پەیوەندییە باشەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و (مەلا فەندی) لە ساڵانی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی بەرەو ساردبوونەوە دەچێت. ئەوەش بە هۆی ئەو هەڵسوکەوتە نەشیاوانەی کە جەندرمە (سەربازەکانی دەوڵەتی عوسمانی) بەرانبەر گوندەکانی دەوروبەری هەولێر گرتیانە بەر، کاتێک لە مایسی ١٩١٨ لە کەرکووک پاشەکشەیان کرد، خەرمانی گەنم و جۆی ئەو گوندانەیان بە تاڵان برد، کە زۆربەیان گوندەکانی مەلا فەندی بوون (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان موفتی، لە هەولێر، ١-١٢-٢٠٢١؛ (Gertrude, 1953, 47-48). ئەو هەڵسوکەوتەی عوسمانییەکان وای لە (مەلا فەندی) کرد هەڵوێستی بەرانبەر عوسمانییەکان بگۆڕێت و لە دۆستایەتییەوە بۆ نەیاری و دژایەتیکردن، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە دەستی هاوکاری و دۆستایەتی درێژ بکات بۆ هێزی داگیرکەری بەریتانی. بە هەرچۆنێک بێت ڕای دیکە هەیە کە مەلا فەندی کەسێکی واقیع بین (Pragmatic) بووە و پێی وابووە ئیتر بەرگریکردن بەرانبەر بە داگیرکاری ئینگلیز هیچ سوودێکی نییە، چونکە عوسمانییەکان لە تەواوی بەرەکان بەزیون (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەحمود ئەحمەد عوسمان، ڕۆژی، ٢٤-١١-٢٠٢١). ئەگەرچی عوسمانییەکان دەسەڵاتیان لە هەولێر لە سەرەتای تشرینی دووەمی ١٩١٨ کۆتایی پێهات. بەڵام دواتریش کاربەدەست و والییەکانیان، لە ڕێگەی جاسووس و دڵسۆزەکانیان، ڕاپۆرتیان دەربارەی بارودۆخی

هەولێر و دەوروبەری نووسیوە و بۆ (باب العالی- دەروازەی باڵا) یان ناردووە. ئەوەتا بەپێی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە لە ئابی ١٩١٩ لە لایەن والی (عەلی پاشا) نووسراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە جووتیارەکانی دەشتی هەولێر و ئاڵتون کۆپری و عەشیرەتی دزەیی باجی ئەوساڵەیان نەداوە و بڕیاریان داوە پەیوەندی بە (شێخ مەحمودەوە ١٨٧٨-١٩٥٦) بکەن (مراد، ٢٠٠٥، ١٧٣)، زۆربەی گوندەکانی (مەلا فەندی)ش کەوتبوونە ئەو ناوچەیە، هەروەها ناوبراو باس لەوەش دەکات، کاتێک (سەید تەها ١٨٨٩-١٩٥٤) لە ڕەواندوزەوە بەرەو بەغداد چووە لە ماڵی (مەلا فەندی) لەگەڵ ئاغاکانی هەولێر کۆبووەتەوە پێی ڕاگەیاندوون کە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی بەریتانی بکەن لە شارەکەدا لە بەرانبەردا کۆمەک و دارایی بەریتانییان بۆ دابین دەکات، بەشێکیان داواکارییەکەی سەید تەهایان ڕەتکردەوە و بەشێکیش پێی ڕازی بوون، بەتایبەتی (مەلا ئەفەندی) و (ئەحمەد عوسمان). هەروەها دەسەڵاتی ئینگلیز (١٠) مزگەوتی هەولێری قەپات کردوون لە کۆی (٢٠) مزگەوت بە هۆی بوونی پەتا و تاعوون، بەڵام بەپێی بیروباوەڕی والی ئامانجی ئینگلیز کۆکردنەوەی موسڵمانان بووە لە یەک دوو مزگەوت، تاوەکو بە ئاسانی بخرێنە ژێر چاودێری (مراد، ٢٠٠٥، ١٧٣-١٧٤). کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە (مەلا فەندی) و بەشێک لە ئاغاکانی هەولێر، خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکار گونجاندووە، بەڵام تاڕادەیەک والی عوسمانی زیادەڕۆیی کردووە، دەربارەی داخستنی مزگەوتەکان. بەپێی بۆچوونێکی دیکەش، (مەلا فەندی) پێی وابووە دەوڵەتی عوسمانی سیاسەتی جیاکاری پەیڕەو کردووە و ڕەگەزی تورکی بەسەر نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە باڵا دەست کردووە، لە ڕێچکەی ئیسلامیان لاداوە، بۆیە هەستی نەتەوەیی پاڵی پێوەناوە کار دژی تورکەکان بکات و کۆتاییهێنان بە ستەمیان، ئەگەرچی کەسایەتییەکی ئاینیش بووە (شارەزا، ١٩-٩-١٩٩٤، ٣).

### ٢-٢ هەڵوێستی مەلا فەندی لە داگیرکاری ئینگلیز و بەرگری لە مەسیحییەکان :

دوای ئەوەی لە پایزی ١٩١٨دا هێزەکانی بەریتانیا پێشڕەوییان کرد بەرەو هەولێر و عوسمانی شکان، لەم سەروبەندەدا عوسمانییەکان ئەو قسەیەیان بڵاوکردەوە، گوایە مەسیحییەکان سیخوڕ و پیاوی ئینگلیزن دەبێت هەموویان وەکو ئەرمەنەکان بکوژرێن (ئەمین، ٢٠٢١، ٥). هەندێک خەڵکی هەولێر کە بەرژەوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی بوو ویستیان بەناوی جیهاد و ئاینی ئیسلامەوە هێرش بکەنە سەر شارەدێی عەنکاوە، کوشتاری زۆر لە مەسیحییەکان بکەن، چونکە هاوئاینی بەریتانییەکانن، بەڵام یەکێک لە پیاوماقووڵەکان داوا دەکات کە ڕاوێژ بە (مەلا فەندی) بکەن و سەردانی ناوبراو دەکەن، کە باسەکەی تێدەگەیەنن، یەکسەر پێیان دەڵێت نەکەن ئەو کارە بکەن، چونکە بەپێی شەریعەتی ئیسلام پێویستە پارێزگارییان لێبکەین، گەر لەدژمان نەجەنگن. بۆ ئێوارە لەگەڵ هەموو بنەماڵەکانی هەولێر و دەوروبەری کۆدەبێتەوە و ئامۆژگارییان دەکات لەو جۆرە شەڕ و دووبەرەکیانەیان دوور دەخاتەوە (شارەزا، ١٩-٩-١٩٩٤، ٣)؛ بەڵام سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە مەسیحییەکان کە دەنگۆی هێرشکردنە سەر خۆیان دەبیستن، دەچنە باداوە و پەنا دەبەنەبەر (مەلا فەندی) بە مەبەستی بەرگرتن لە هێرشەکە، ناوبراویش بانگهێشتی هەموو ڕیشسپی و سەرۆک عەشیرەتەکانی کردووە و ئامۆژگاری کردن نەکەن کارێکی وابکەن (ئەمین، ٢٠٢١، ٥).

دوای ئەوەی هێزەکانی بەریتانی کەرکوکیان لە ئۆکتۆبەری ١٩١٨ داگیر کردووە و هێزەکانیان پێشڕەوییان کردووە بۆ پردێ، بەمەبەستی زەمینەسازی چوونە ناو هەولێر تاوەکو ڕووبەڕووبوونەوەی بەرگری دانیشتوان نەبنەوە، نامەیەکیان ئاراستەی پیاوماقووڵ و سەرۆک هۆزەکانی هەولێر کردووە (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ٩٤). دوو هەڵوێست لە نێو هەولێرییەکان گەڵاڵە بووە، ئەوانیش بەرگریکردن و خۆبەدەستەوەدان. (مەلا ئەفەندی) و چەند کەسایەتییەکی دیکە لەگەڵ ئەوەی دووەم بوون، بە پێشوازیکردن لە هێزەکانی بەریتانی بە بێ شەڕ و خۆبەدەستەوەدان، چونکە سوپای عوسمانی لە زۆربەی ناوچەکان پاشەکشەی کردووە و لە شکستدایە، بۆیە ئەوان ناتوانن ڕووبەڕووی سوپای پێشکەوتووی بەریتانیا ببنەوە، لە ئەنجامدا

بۆچوونی دووەم خۆی سەپاند و بڕیاردرا بەرەنگاری داگیرکاری بەریتانی نەکرێت (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ٩٤-٩٥). دوای دە ڕۆژ لە مۆرکردنی ئاگربەسی مۆدرۆس، هێزەکانی بەریتانیا هەولێریان بەبێ شەڕ داگیرکرد لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ (The National Archives, FO 371/4192 Precis of affairs in southern Kurdistan during the Great War) and (lyon, 2002, 27)، بەریتانییەکان بە مەبەستی شوێن قاییمکردنی پێگەکەیان و سەپاندنی دەسەڵاتیان لە هەولێر، دەستیان کرد بە کێشکردنی چەند بنەماڵە و کەسایەتییەک، لە نێویاندا (مەلا ئەفەندی)، کە خاوەن ئەزموون و قورساییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی بوو هەر بۆیە (های) هەوڵی دا سوودی لێ وەرگرێت، ئەوەش بە هێشتنەوەی (ئەحمەد عوسمان)ی ئامۆزای لە پۆستی سەرۆکی شارەوانی شارەکە کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە بەڕێوەی دەبرد، هەروەها (های) حاکمی سیاسی هەولێر (١٩١٨-١٩٢٠)، کردی بە جێگری خۆی (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ٧٥-٧٦). هەر لەو دوو ساڵەدا (١٩١٨-١٩٢٠) (کاپتن های) ئێوارانی هەینی و یەکشەممە کە کاتی پشووی بووە، ڕاوێژی لەگەڵ پیاوماقووڵانی هەولێر کردووە، ئەوانیش (مەلا فەندی)، (سەید عەبدوڵلا پاشا) و (ڕەشید ئاغا) دیارترین ڕاوێژکار بووینە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکە و دەوروبەری (Hay, 1921, 172-173). کاتێک (های) دەربارەی مافی چارەی خۆنووسینی کورد پرسیار لە (مەلا فەندی) دەکات وەڵامی دەداتەوە **((کە هەموو کەسێک دەیەوێت نیشتیمانی دایکی سەربەخۆ ببینێت، بەڵام لەئێستادا ئێمە دابەشکراوین بەسەر چەند چاوچنۆکێک و هیچ کەسێکیش شیاو نییە بۆ فەرمانڕەوایی کردن. دەمانەوێت ئێوە [بەریتانییەکان] سەرپەرشتیمان بکەن تاوەکو ئاسایش دەگەڕێتەوە، ئینجا دەتوانین خۆمان بەڕێوەببەین)).** (Hay, 1921, 174) مەبەستی (مەلا فەندی) لەوەی کە کورد تا ئەو کاتە شیاو نەبووە بۆ ئەوەی کە خۆی بتوانێت بەڕێوەبەری خۆی بێت، مەترسی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان تورک، فارس و عەرەب لەلایەک و نەبوونی چینێکی خوێندەوار و کادیری کارگێڕی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی میری (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان موفتی، لە ١-١٢-٢٠٢١).

**٣-٢ پەیوەندیی (مەلا فەندی) لەگەڵ بنەماڵەی مەلیکی عێراق :**

ئەو هاوکاریکردنەی (مەلا فەندی) و بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم. ئەوەش کاتێک لە ساڵی ١٨٨٠ حاجی عومەری باوکی ئەفەندی سەفەری حەجی کردووە و چوون پێنج مانگ و هاتنەوەی پێنج مانگی خایاندووە بۆ حیجاز، بۆ ماوەی دوو مانگ لە حیجاز دەمێنێتەوە، لەوێ بنەماڵەی شەریفی مەککە دەناسێت و پەیوەندییەکی دۆستایەتیی توند و تۆڵ لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە دروست دەکات، ناوەرۆکی ئەو پەیوەندییەش مەلیک (فەیسەڵی یەکەم ١٩٢١-١٩٣٣) کە کوڕی (شەریف حوسێن)ە دەگێڕێتەوە، کاتێ دەبێتە مێوانی (مەلا فەندی کوڕی حاجی عومەر) لە کۆشکی باداوە لە ساڵی ١٩٢٤ (موفتی، ٢٠٠١، ١٠٦-١٠٧). ئەوەش ئەوە دەردەخات کە گەشت و گەڕان لەو ڕۆژگارەدا زەحمەت بووە لە ڕووی تێچوونی کات و پارەوە، بەڵام (مەلا عومەر) سەفەرەکەی قۆستۆتەوە و دۆستایەتی لەگەڵ بنەماڵەی شەریف دامەزراندووە، تەنانەت لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی ناوداری شام کە کەوتبوونە سەر ڕێگای هاتن و چوونی سەفەرەکەی. سەرۆک هۆز و موڵکداری زەوی عێراق لە سەروبەندی دامەزراندنی ئەو وڵاتە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو مافی بڕیاردان و یەکلاکەرەوەیان هەبووە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی پشتگیری سیاسەتی ئینگلیزیان دەکرد. ئەوەتا مێژوونووسی چەپی فەلەستینی- ئەمریکی بەڕوونی ئاماژە بەو دیاردەیە دەدات وەک دەڵێت: **((تەنیا موڵکداری زەوی مافی بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی هەموو شتێکی وڵاتەکەی هەیە. ئەو سەرۆک هۆزانەیش کە پشتی سیاسەتەکانی ئینگلیزیان گرت، دەیانویست هەمان ڕێچکە بگرنەبەر. ساڵی ١٩٢٢، چل سەرۆک هۆزی لایەنگیری ئینگلیز بۆ مەلیکیان نووسی و بە ڕوونی ئاماژەیان بۆ کرد کە گەرەکیانە چەند فەرمانبەرێکی پێشووی نەتەوەخوازی لایەنگیری شەریف حوسێن بە موتەسەریف دابمەزرێن))** (بەتاتۆ، ٢٠٢١، ١١٤). هەر بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە (ئەحمەد عوسمان)ی ئامۆزای (مەلا فەندی) بوو بە یەکەم موتەسەریفی هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٧.

دەسەڵاتدارانی بەریتانیا دوای بەخۆداچوونەوەیان، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بڕیاریان دا بە بەستنی کۆنگرەی قاهیرە لە ئاداری ١٩٢١. یەکێک لە بڕیارەکان دانانی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) بوو بە مەلیکی عێراق (The National Archives, Catalogue Reference, CAB/24/126 Image Reference, 0023 report on Middle East conference held in Caro and Jerusalem March 12th to 30th 1921, 42-47) بۆ ئەو مەبەستە لە هاوینی ١٩٢١ لە ڕاپرسییەکی ڕووکەشیانە لە سەرتاسەری عێراق بەڕێوەچوو، هەڵوێستی کورد لەو کارە جیاواز بوو، کەرکووک بە نەخێر دەنگی دا، سلێمانی بەشداری نەکرد، هەولێر و دهۆک بە مەرجی وەرگرتنی چەند مافێکی سیاسی و کارگێڕی دەنگیان دا لە بەرژەوەندی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)

(Gertrude. Miss Bell: The Letters of Gertrude Bell volume 2, 1927, "A project Gutenberg of Australia eBook", dated first posted: September 2004.
http://gutenberg.net.au/ebooks04/0400461h.html#ch21, Last accessed, 25-11-2021.)

(مەلا فەندی) ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە سەرخستنی ڕاپرسییەکە، بە ڕازیکردنی خەڵکی هەولێر بە دەنگدانیان بە بەڵێ بۆ (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)، وەک یەکەم مەلیکی عێراق (قادر، ٢٠٠٨، ١٣١).

لە ماوەی یەکەم گەشتی مەلیک فەیسەڵ لە کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ بۆ هەولێر، کە موتەسەڕیف (ئەحمەد عوسمان) یاوەری دەکرد، ناوبراو لە ماڵی (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی) بە کەسوکاری زیندانییان دەورەدرا، داوای ئازادکردنی کەسوکاریان لێکرد، ئەویش فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ زۆربەیان دەرکرد (lyon, 2002, 144). لەو سەردانەیدا مەلیک فەیسەڵ بۆ ڕۆژی دواتر، کە هەینی بووە، لە باداوە بە یاوەری (مەلا فەندی) و هاوەڵانی دەچنە مزگەوتی گەورە بۆ نوێژی هەینی (عثمان، ٢٠١١، ٨). هەرکات (مەلیک فەیسەڵ) سەردانی هەولێری کردبووایە، مێوانی (مەلا

فەندی) دەبوو، لە کۆشکی باداوە. بۆیە پەیوەندیی نێوان کۆشکی مەلەکی و (مەلا فەندی) پتەو و توندوتۆڵ بوو (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ٣٩). لە سەرەتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو، دوای گەیشتنی بۆ کۆشکی مەلەکی (مەلیک غازی) سەردانی هەولێر دەکات، دەبێتە مێوانی (مەلا فەندی) لە کۆشکی باداوە و لەوێ چاوی بە ناودارانی هەولێر دەکەوێت (عثمان، ٢٠١١، ١٣). بۆ جاری دووەم مەلیک (فەیسەڵی یەکەم) لە ساڵی ١٩٣٠ کاتێک سەردانی هەولێر دەکاتەوە، دووبارە دەبێتەوە میوانی (مەلا فەندی) لە کۆشکی باداوە (بێخاڵ، ١٩٩٧، ٢٢٦). ئامانجی ئەو سەردانەی مەلیک (فەیسەڵی یەکەم) بە بۆنەی تەواوبوونی کۆشک و میوانخانە گەشت و گوزارییەکانی پیرمام بوو (شارەزا، ١٩-٩-١٩٩٤، ٣).

لە مایسی ١٩٤١ جووڵانەوەی (ڕەشید عالی گەیلانی) لە دژی حوکمی پاشایەتی و بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا ڕووی دا. بە نێوەندگیری (محمد سەدر)، سەرۆکی جووڵانەوەکە (ڕەشید عالی گەیلانی) ڕێگەی دا بنەماڵەی مەلیک بڕۆنە هەولێر (علي، ٢٠٠٢، ١٣٠-١٣١). هەروەها (عیزەدین کوڕی مەلا فەندی) پێی وایە کە بۆ پاراستنی مەلیک فەیسەڵی دووەم و ئەندامانی بنەماڵەکەی، حکومەتی پاراستنی نیشتیمانی و (ڕەشید عالی گەیلانی) ئەوانیان ناردە هەولێر تاوەکو ئازاریان پێنەگات لە ئەگەری هێرشکردنە سەر بەغداد لە لایەن بەریتانییەکانەوە (بێخاڵ، ١٩٩٧، ٢٢٧-٢٢٦). (ڕەشید عالی گەیلانی) نەیدەویست مەلیک و ئەندامانی بنەماڵەکەی بکوژێت چونکە لە ئەنجامەکەی دەترسا (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان موفتی، ١-١١-٢٠٢١). بۆیە (ڕەشید عالی گەیلانی) بڕیاری دا بە گواستنەوەی بنەماڵەی مەلیک بۆ شاری هەولێری کوردان، لەوێ مانەوە تاوەکو گەڕانەوەی وەسی (عەبدولئیلاە) و (نوری سەعید) لە کۆتایی مایسی ١٩٤١ لە فەلەستینەوە (باشا، ١٩٨٢، ٢٧٢). ئەگەرچی لەکاتی هاتنیان دایکی مەلیک (فەیسەڵی دووەم) (ئەمیرە عالیە) لە وێستگەی شەمەندەفەری کەرکووک هەستی کردووە کە کودەتاچییەکان دەیانویست (فەیسەڵی دووەم) بکوژن کە تەمەنی شەش ساڵان بووە. بۆیە لەژێر عەباکەی خۆی شاردوویەتیەوە (علي، ٢٠٠٢، ١٣١). بەڵام دکتۆری خانەوادەی مەلیک (سندرسن) پێی وایە بەهۆی بچووکی

تەمەنی مەلیک (فەیسەڵی دووەم)، (ڕەشید عالی گەیلانی) نەیکوشتووە (باشا، ١٩٨٢، ٢٧٢). مەلیک (فەیسەڵی دووەم) خانەوادەکەی پەنایان هێنایە بەر (مەلا فەندی) و لە باداوە مانەوە. (مەلا فەندی) داوای لە عەشیرەتەکانی هەولێر کرد کە یارمەتی بدەن لە پاراستنی مەلیک و خانەوادەکەی (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەنعان موفتی، ١-١١-٢٠٢١). ئەوەتا ئەمیرە (بەدیعە) دەڵێت **((لە ماڵی مەلا ئەفەندی مانەوە، باوکی نوێنەر "عزەدین مەلا ئەفەندی" ڕۆژێکیان، لە شەودا، نازانم نە دڵخۆشم نە دڵتەنگ، یەکێک لە کودەتاچییەکان هات داوای لە مەلا فەندی کرد کە مەلیک فەیسەڵی دووەمی تەسلیم بکات، وەڵامی دایەوە "بەو خودایە مەلیک تەسلیم ناکەم هەتاوەکو منیش بکوژن" .... کاتێک دیتیان ئەو سوورە لەسەر پاراستنی مەلیک، دەرچوون))** (علي، ٢٠٠٢، ١٣١). پاش گەڕانەوەی وەسی (عەبدولئیلاه) بۆ بەغدا، ئەوانیش لە ٣ی حوزەیرانی ١٩٤١ لە هەولێرەوە گەڕانەوە کەرکووک بە ئۆتۆمۆبێل و لەوێشەوە بە شەمەندەفەر گەڕانەوە بەغداد (بێخاڵی، ١٩٩٧، ٢٢٨). ئەگەرچی (مەلا فەندی) پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانی و بنەماڵەی مەلیکی عیراق، بەڵام لە ناوەڕاستی مایسی ١٩٤١ خەڵکی هەولێر ڕاپەڕی و پشتگیری ڕاپەڕینەکەی (ڕەشید عالی گەیلانی)یان کرد. بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری ڕاپەڕیوان بڕیاری بەندکردن یان دوورخرانەوەیان دەرچوو بۆ شارۆچکەی فاو لە بەسرە. یەکێک لە بەشداربووە کاراکان، مامۆستا (شێخ حەسەن شێخ نعمە الله) دەخرێتە زیندانەوە، بەڵام بەهۆی پاڕانەوەی (مەلا فەندی) حوکمەکەی دەگۆڕدرێت بۆ دەستبەسەرکردن و لای خۆی دادەنێت لە کۆشکی باداوە (بێخاڵی، ١٩٩٧، ٧٥-٧٦).

**٢-٤ ڕۆڵی (مەلا فەندی) لە ئاشتکردنەوەی عەشیرەتەکان و پەیوەندییان لەگەڵ ئینگلیز:**

بە مەبەستی کپکردنی شۆڕشی ١٩٢٠، حاکمی سیاسی بەریتانیا لە بەغداد (ولسن)، لە ٨ی ئەیلوولی ١٩٢٠ سەردانی هەولێری کرد، دوای پشوودانێکی کورت لەگەڵ پیاوماقووڵانی شار کۆبووەوە، ولسن مەبەستی بوو کە نەیارەکانی کەنارگیر و

پەراوێز بخات. لەگەڵ ئەوەشدا، (ئەحمەد پاشای دزەیی)[٤] و بەشێک لە هاوکارانی بەمەبەستی ئامادەبوون لە دیدارەکەی (ولسن) خۆیان گەیاندە هەولێر، ئەوەش (های) تووشی سەرسامی کرد چونکە تا ئەوکات ئەوان دژی ئینگلیز بوون، بەڵام دواتر بۆی دەرکەوت، کە (مەلا فەندی) توانیویەتی بۆ لای خۆیان ڕاکێش بکات تاوەکو هەولێر بپارێزێت لە هەڕەشە و مەترسیەکانی ئەو هۆزانەی کە دەیانەوێت بەسەر شارەکەدا بدەن و ئارامییەکەی تێکبدەن (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ١١٧). سەرەڕای هەوڵەکانی (ولسن)، هۆزە ڕاپەڕیوەکانی دەوروبەری هەولێر: خۆشناو، سوورچی، و گەردی، سووربوون لەسەر دەرپەڕاندنی ئیدارەی بەریتانی لە هەولێر، کاتێک لە هەولێر نزیک بوونەوە و گەیشتنە دەوروبەری شار (مەلا ئەفەندی) کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا، لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبووان هێرشیان کردە سەر (ئەحمەد عوسمان) و تۆمەتباریان کرد بە یارمەتیدانی کافران و خیانەتکار. دواتر (مەلا ئەفەندی) سەرکەوتوو بوو لە پێش لێگرتن و ڕازیکردنیان بە وازهێنان لە دەستبەسەرداگرتنی شارەکە، هەروەها دیداری ئەوانی لەگەڵ (های) ڕێکخست، زیاتر لەوەش ڕازیکردن بە پاشەکشەکردنی هێزەکانیان لە باداوە بۆ بنەسڵاوە، کە ئەو کاتە نۆ کیلۆمەتر لە هەولێر دوور بوو (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ١٢٢-١٢٣).

(مەلا فەندی) ڕۆڵێکی باڵای هەبووە لە ئاشتکردنەوەی عەشیرەتە دوژمنەکان، ئەوەتا (مەسعود محەمەد) کە لە ساڵی ١٩٣٤ چووەتە کۆشکی (مەلا ئەفەندی) لە باداوە و لەوێ ژیاوە، بەمەبەستی خوێندنی قوتابخانە لە هەولێر، لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵسوکەوت و کەسایەتی ناوبراو بووە و ئاماژە بە سەنگینی و دەسەڵاتدارییەتی ئەو دەکات بەم شێوەیە: **((زۆربەی هەرە زۆری عەشایری هەولێر پێوەندیان بە مەلا ئەفەندییەوە هەبوو. لەبەری بادینانیش دۆست و خزمی عەشیرەتەکانی هەرێمی ڕەو اندز و شەقڵاوە سەریان لە باداوە دەدا... برا گەورەکانی ئەو عەشیرەتانە هەمیشە لە پێویستیدا فەرمانبەرداری مەلا ئەفەندی دەبوون، موتەسەریفێکی مەلا ئەفەندی ڕای لێ نەبایە نەیدەتوانی لە هەولێر بەردەوام بێ)).** (محەمەد، ٢٠١٦، ٢٣٠). ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەولێر

و دەوروبەری عەشایەر ڕێزیان لێگرتووە لە چارەسەرکردنی کێشەکان پرس و ڕای پێکراوە، لەسەر ئاستی دەوڵەتی ئەو کاتی عیراقیش کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت پرس و ڕاوێژیان پێکردووە، لە دانان و لابردنی موتەسەریفەکانی هەولێر، چونکە لە هەردوو باردا پێویستی بە فەرمان (مەرسووم)ی مەلەکی هەبووە.

کاتێک کەسانێک لە هەولێر و دەوروبەری تاوانێکیان دەکرد یاخود بەرەنگاری دەسەڵاتی داگیرکەر دەبوونەوە، لە پێناو دەستخستنی لێبووردن لە هێزەکانی داگیرکاری بەریتانی، پەنایان بردووەتە بەر (مەلا فەندی) تاوەکو لێیان خۆش بن یاخود حوکمەکەیان کەم بکەنەوە. لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان عەشیرەتە کوردییەکان و دەسەڵاتی بەریتانی، (مەلا فەندی) کاری خۆی دەکرد بە تەکلیفکردن لە گەورە کاربەدەستانی ئینگلیز لە هەولێر، بەڵام پێشوەختە ئاگاداری کردوونەتەوە بە بەرێوەچوونی کارە یاساییەکانیان، ئەگەرچی ئەویش داوای پارانەوەیان بۆ بکات. چونکە خۆی پاراستووە لە بەرگریکردن لە تاوانباران و یاسا شکێنەکان وەک (لاین) دەڵێت: **((جاری وا هەبوو بانگی دەکردم تا لەوە ئاگادارم بکاتەوە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەک سەرگەورەیەک لەگەڵ تاقمێکدا دێت تا داوای چاوپۆشین لە چەند تاوانبارێکی بەدناو بکەن، پێی دەگوتم تۆ بەڕێزەوە پێشوازیمان لێبکە و گوێمان لێبگرە، بەڵام هەرگیز ڕێگە مەدە کە هاتنی ئێمە کار لە بڕیارەکانت بکات سەبارەت بە خەڵکی خراپ و تاوانکار. ئەوانەی هەرچییەکیان کردبێت پەنا دەبەنە بەر ئەو بۆیان بپارێتەوە. من تێگەیشتم کە ئەو وەک دەمڕاستێکی ڕیشسپی پێویستە ئەرکی خۆی بەجێبهێنێت... هتد)).** (lyon, 2002, 91-92) (مەلا فەندی) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خێڵەکان هەبووە، ئەو ڕیشسپی و سەرۆک عەشیرەتانەی کە پرس و ڕاوێژیان پێکردووە، دێرێکی ئەو بەس بوو بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی دەمارگیر و داخراو تاوەکو گوێڕایەڵی بکەن (lyon, 2002, 91). ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە فەرهەنگییە ئاینی و عەشایەرییەی کە خەڵک بە شێوەیەکی خۆڕسکانە بەدوای کەوتبوون.

زۆربەی جار سیاسی و کەسایەتییەکانی هەولێر پێش ئەوەی هەر هەنگاوێک بهاوێژن پرس و ڕایان بە (مەلا فەندی) کردووە. بە نموونە بەپێی ڕاپۆرتێکی بەریتانی، لە ساڵی ۱۹۲۹ هەریەک لە (ابراهیم حەیدەری و داود حەیدەری) داوایان لە (مەلا فەندی) کردووە کە بیر و ڕای ئەو بزانن دەربارەی دامەزراندنی حیزبێکی سیاسی لە هەولێر و داواش لە (عبداللە فەندی) بکات تاوەکو بچێتە پاڵیان، بەڵام (مەلا فەندی) ئامۆژگارییان دەکات کە لەو بارەیەوە ڕاوێژ بە بەریتانییەکان بکەن، بەریتانییەکانیش هەواڵەکەیان پێدەگات و لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ۱۹۲۹ پێشوازی لە (مەلا فەندی) دەکەن بۆ ئەو مەبەستە ڕاوێژی لەگەڵ دەکەن (قادر، ۲۰۰۸، ۱۹۹).

**٢-٥ هەڵوێستی (مەلا فەندی) لە ڕێککەوتنی ۱۹۳۰ عیراق- بەریتانیا :**

لە ساڵانی (١٩٢٩-١٩٣٠) بیست فەرمانبەری کورد لە سلێمانییەوە گواسترانەوە هەولێر، هاوکات (عبدالحمید صرصر)، کە عەرەبێکی شۆڤینی خەڵکی مووسڵ موتەسەریفی هەولێر بووە، دژایەتی کورد و زمانەکەی کردووە، زۆربەی فەرمانبەرانی دیوانی موتەسەرفییەت و دامودەزگاکانی دیکەی شارەکە عەرەب بوون. وەکو پەرچە کردارێک هەریەک لە (ئەحمەد خواجە) و (ئاسەف) سەردانی (مەلا فەندی) دەکەن لە باداوە، بە مەبەستی دانانی سنوورێک بۆ کارە شۆڤینییەکانی موتەسەریف و برەودان بە زمانی کوردی. (مەلا ئەفەندی) پشتگیریان دەکات بە ماددی و مەعنەوی لە پێناو خوێندن بە زمانی کوردی و دەرخستنی هەولێر وەک شارێکی گەورەی کوردستان (خەواجە، ٢٠١٦، بەرگی ٣، ٣٤٥-٣٤٧). لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی سیستەمی ماندێتی بەریتانی لەسەر عیراق لە ساڵی ١٩٣٠، مۆرکردنی ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو لایەن. خەڵکی باشووری کوردستان، بە تایبەتی شارەکانی سلێمانی و هەولێر کەوتنە ناڕەزایی و دژایەتیکردنی ڕێککەوتنەکە، چونکە مافەکانی کورد لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەی پێنەدرابوو. لە هاوینی ١٩٣٠ (مەعروف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨) لە بەغداوە سەردانی هەولێری کرد بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە بەغداوە، دەڵێت: **((چووم بۆ هەولێر لەوێ بووم بە میو انی خوالێخۆشبوو "مەلا فەندی لە کۆشکی خۆی لە گوندی باداوە". ڕۆژی دووەم چوومە ناو شار و**

**تەماشام کرد کەش و هەوای شار بارگاویی [مەبەستی توورە و شڵەژاوی سیاسی]، لاوان و قوتابیان لەناوخۆیاندا دەچرپێنن. کە پرسیارم کرد تێگەیشتم کە هۆکاری ئەم هەڵچوونە ئەو پەیماننامەیەیە کە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق و ئینگلیز گرێ دراوە و هەرگیز باسێکیش لە پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ، بەپێی بڕیاری کۆمەڵی گەلان، بۆ کوردستان ناکا. ئەوانیش هەروەکو ئەو "مەزبەتانە"ی تر کە لە سلێمانی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتیمانییەوە نووسران، مەزبەتەیان پێشکەش کردووە))** (جیاووک، ٢٠٠٨، ٨٨). هەروەها لەوکاتەدا هاوشانی کوردەکان ئاشوورییەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی (مار شەمعون) داوای مافەکانیان دەکەن لە حکومەتی عیراق و بەریتانیا، (مەعروف جیاووک) لەگەڵیان دەکەوێتە گفتوگۆ و چەند مەرجێک دەخاتە سەر ئاشوورییەکان، تاوەکو هەماهەنگییان لەگەڵ بکات لەوانە: ڕازیبوون بە مارەبڕینی کچانی ئاشووری لە کوڕانی کورد، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ماڵەکانی ئاشووریان و وەرگرتنی ئامارێکی چەک بە جۆرێک لەنێو ئاشووری و کوردەکان دواتر دابەشکردنی چەکەکان بەسەر ئەو کەسانەی کە بێ چەکن. دواتر لەگەڵ (مەلا فەندی) لە مزگەوتی گەورەی قەڵا ڕاوێژدەکات و ئەویش بە بڕیارەکانی (جیاووک) ڕازی دەبێت (جیاووک، ٢٠٠٨، ٨٩-٩٣). هەر لەو چوارچێوەیەدا، بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەریتانی، بە مەبەستی کپکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان وەفدێکی هاوبەشی دەسەڵاتی ماندێتی بەریتانی و حکومەتی عیراق لە ڕۆژی ٦ی ئابی ١٩٣٠ سەردانی هەولێر دەکەن کە پێکهاتبوون لە نوێنەری باڵای بەریتانیا لە عیراق Lt. Colonel Sir Frances Humphrys 1929-1932 و سەرۆک وەزیرانی عیراق جەمال بابان و جەمیل مەدفعی. بەرنامەی سەرەکی شاندەکە سازدانی دوو کۆنفرانس بوو، کە یەکەمیان لەگەڵ پیاوماقووڵان و بەرپرسە کارگێڕی و سیاسییەکانی هەولێر و دەوروبەری بووە، ئەجێندای کۆبوونەوەکە گفتوگۆکردن دەربارەی پرسی کورد و ئامانج و خەونەکانی لە هەموو گۆشە نیگاکانەوە. هەرچی کۆنفرانسی دووەمە تەرخانکراوە بۆ گوێگرتن لە ژمارەیەکی کەم لە ئاغا و پیاو ماقووڵانی هەولێر و دەوروبەری بە مەبەستی گوێگرتن لە سکاڵا و پێشنیازەکانی

خەڵک کە نەتوانراوە گوێیان لێبگیرێت لە کۆنفرانسی یەکەمدا. ,Burdett, 2015) (vol 8, 34-35 شایانی باسە پێدەچێت لە هەردوو کۆنفرانسەکەدا مەلا ئەفەندی بەشداری کردووە و بە وردی لە لایەن بەرپرس و هەڵسووڕێنەرەکانی هەردوو کۆنفرانسەکە گوێی بۆ گیرابێت.

هاوکات لە مانگی ئابی ١٩٣٠ بەریتانییەکان دکتۆرێکیان بە ناوی (Dr. Dallali) لە مووسڵەوە ناردۆتە هەولێر بە مەبەستی چارەسەرکردنی (مەلا فەندی)، کە تووشی نەخۆشی خوێنبەربوون ببوو لەوکاتەدا، بەڵام لەڕاستیدا مەبەستی سەرەکی هاتنی دکتۆری ناوبراو بۆ تێکدانی یەکڕیزی نێوماڵی کورد بووە، بە دووبەرەکی خستنە نێو عەشیرەت و بنەماڵە کوردییەکان تاوەکو لە بەرەیەکی یەکگرتوو داوای مافە ڕەواکانیان نەکەن (Burdett, 2015, vol 8, 54). بەهەرچۆنێک بێت، شاندی گفتوگۆکاری کوردی لەگەڵ بەریتانیا و عێراق، توانییان چەند مافێکی شارستانی و بنەڕەتی بۆ گەلی کورد لە سەرتاسەری باشووری کوردستان دابین بکەن، ئەو مافانەش پێکهاتبوون لە دامەزراندنی مامۆستا و فەرمانبەرە کوردەکان لە ناوچە کوردنشینەکان، بە فەرمی زمانی کوردی ناسێندرا، لە هەریەک لە خوێندنی سەرەتایی، پرۆسەی دادگاییکردن و کردنەوەی نووسینگەیەکی وەرگێڕان بۆ کاروباری گشتی. لە دانوستاندنەکەدا، یەکێک لە داواکارییەکانی شاندی کوردی پێکهێنانی لیوایەک بۆ قەزاکانی باکووری مووسڵ ڕەدکرایەوە (Burdett, 2015, vol 8, 56-57).

**٢-٦ پەیوەندی لەگەڵ بارزانییەکان :**

دوای ئەوەی (شێخ ئەحمەدی) بارزان لە ساڵی ١٩٣٣ لە تورکیا دەگەڕێتەوە کە بە هۆی ڕاپەڕینی بارزان کە ساڵی پێشووتر ئەنجامیدابوو پەنای بردبووە بەر وڵاتی تورکیا، لە مووسڵەوە بە ڕێگای گوێڕ بەرەو هەولێر گەڕایەوە. بە مەبەستی پێشوازی لێکردن و بەخێرهێنانەوەی کەسایەتی و ناودارانی هەولێر لەگەڵ موتەسەریفی شارەکە (مەحمود فخری ١٩٣٢-١٩٣٥) دەچنە گوێڕ، (عیزەددین مەلا فەندی) کە ئەو کاتە تەمەنی (١٦) ساڵ بووە بە نوێنەرایەتی باوکی لە نێو کەژاوەی پێشوازییەکە دەبێت، وەکو ڕێزێک بۆ باوکی (شێخ ئەحمەد) لەگەڵ ئەو سواری سەیارە دەبێت بۆ

هەولێر، بەڵام لەگەڵ موتەسەریف سوار نابێت، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕێز و شکۆی (مەلا فەندی) گەیشتووتە ئاستێک بەرزتریێت لە موتەسەریفی هەولێر (دزەیی، ٢٠٠١، ٣٦-٣٧). دوای گەیشتنی پێشوازی و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێدەکرێت لە لایەن (مەلا فەندی) و مێوانی ئەو دەبێت لە کۆشکی باداوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عیزەدین مەلا ئەفەندی- ٣٠-٨-٢٠٢١). (مەلا مستەفا بارزانی)ش لە هاوینی ١٩٤٤ گەشتێکی بۆ ناوچە جیاوازەکانی بادینان و هەولێر کرد بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی و وەلاوەنانی ناکۆکییەکان، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ عەشیرەتەکانی سوورچی، زێباری، تیرە جیاوازەکانی خۆشناوەتی کە لە ماڵی (ساڵح بەگی میران) لە شەقڵاوەدا لەگەڵیان کۆبووەوە و لە ماڵی (مەلا فەندی) لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی دەشتی هەولێر کۆبووەوە (بارزانی، ٢٠٢٠، بەرگی یەکەم، ١٣١). لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە سەرەڕای مردنی (مەلا فەندی)، بەڵام هێشتاش دیوەخانەکەی گرنگیی خۆی لەدەست نەداوە و بووەتە مێوانگەیەک بۆ پیاوە گەورەکان و شوێنی کۆبوونەوە گرنگەکان و بڕیارە چارەنووسسازەکان.

**٢-٧ کۆچی دو ایی (مەلا فەندی) :**

لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە لە ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٢ (مەلا فەندی) لە هەولێر کۆچی دوایی کرد (فتى العراق، ١١-شباط- ١٩٤٣، ١)، پرسەیەکی گەورەی بۆ دانرا، مردنەکەی لە تەواوی کوردستان و عیراق و ناوچەکە دەنگی دایەوە، برووسکەی چەندین بەرپرس و کەسایەتی سیاسی ئاراستەی بنەماڵەی نێوبراو کران (خان ئاودەلی، ٢٠١٤، ٨٧). لەبەر گەورەیی و سەنگینی (مەلا فەندی)، وەکو ڕێزێک ڕۆژنامەی (فتى العراق) کە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بوو، ژمارە (٢٤٥-٥٤٤)ی کە لە ڕۆژی ١١ی شوباتی ١٩٤٣ دەرچوو، ئەو ژمارەیەی تایبەت کرد بە چلەی ماتەمینی (مەلا فەندی) کە ڕووپەڕی زۆری هەر چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی تەرخانکردووە بۆ ژیان و ڕۆڵی سیاسی و چاکەخوازی کەسایەتی ناوبراو لە ئاشتکردنەوەی هۆزە کوردییەکان، کتێبخانە، قوتابخانە ئاینییەکەی و پەیوەندی

لەگەڵ هەریەک لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی، ئینگلیز و عێراقی مەلەکی (فتى العراق، ١١-شباط- ١٩٤٣، ١-٤)

**پەراوێزەکان:**

١- (زوبێر بیلال) لە توێژینەوەکەیدا، دەربارەی ساڵی مردنی (مەلا عومەر ئەفەندی) باوکی (مەلا ئەفەندی) بە هەڵە ١٣٠٠ ک = ١٨٨٢ ز تۆمار کردووە (اسماعیل، ١٩٧٨، ٩٦). بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە بەڵگەنامە ڕەسەنەکانی عوسمانی تۆمار کراوە، کە ساڵی مردنی ناوبراو دەکاتە ١٣٠٧ ک = ١٨٩٠ ز.

٢- ئاقچە: جۆرە دراوێکی سەردەمی عوسمانییەکانە، یەکەم جار کە لە سکەدرا و خرایە بازاڕەوە، لە سەردەمی سوڵتان ئۆرخان دابوو لە ساڵی ١٣٢٧، یەکسان بووە بە یەک لەسەر سێ نرخ و بەهای دراوی (پارە)، ئەویش هەر جۆرە دراوێکی عوسمانی بووە، لە رووی زمانەوانییەوە بە واتای پارچە هاتووە.

٣- لە نیسانی ١٩١٠ گەڕیدەیەکی ئینگلیز سەردانی هەولێر دەکات ئاماژە بە گوندی باداوە دەکات کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شارەکە بە دووری (١.٥ میل = ٢.٥ کلم)، کە ئەو کاتە نزیکەی (٥٠) ماڵێکی عەشیرەتی دزەیی لێبوون (لۆریمەر، ٢٠٢٠، ٩٢).

٤- کاتێک گەڕیدەیەکی ئینگلیز لە ٢٧-٤-١٩١٠، لە کەرکووکەوە بەرەو هەولێر بە پردێ (ئاڵتون کۆپری) تێدەپەڕێت. وەسفی (ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشای) دزەیی دەکات کە لە لایەن عوسمانییەکانەوە بە بەرپرسی رەسمی ناسێنراوە بەسەر دزەییەکانەوە، ئەگەرچی گوتراوە کە دزەییەکان هیچ سەرۆک عەشیرەتێکیان نەبووە لەو کاتەدا. ماڵی لەسەر گردێکی گوندێک بووە کە کەوتۆتە سەر ڕێگای کەرکووک-مووسڵ، لە نێوان قوشتەپە-گوێر (لۆریمەر، ٢٠٢٠، ٩٠). کەواتە عوسمانییەکان کۆمەڵێک بەرژەوەندی و ئیمتیازاتیان بەخشیوە بە ناوبراو لە ساڵانی پێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی، بۆیە هەوڵی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی تورکی داوە.

**ئەنجامەکان**

١- عوسمانییەکان پشتگیری دارایی (مەلا فەندی) و خانەوادەکەیان کرد بە بەخشینی چەندین گوند، زەوی کشتوکاڵی، بڕینەوەی مووچە و پێدانی پارەی ئەوقاف. تاوەکو خوێندن لە قوتابخانەی (ئەحمەدییە)ی مزگەوتی گەورەی قەڵات بەردەوام بێت، وەک بەرگرتنێک لە تەوژمی بڵاوبوونەوەی شیعەگەری لە ناوچەکە. زیاتر لەوەش، ئەو دەوڵەمەندییەکەی بۆ نانادان، خێر، چاکەکاری و دەستگرتنی هەژار و نەدارەکان بەکارهێناوە.

٢- (مەلا فەندی) جگەلەوەی پیاوێکی ئاینی بوو، کەسایەتییەکی چاکەکاری کۆمەڵایەتی بوو، هەڵوێستەکانی بە کردار ڕەنگی داوەتەوە لە قەناعەت پێکردنی خەڵکی هەولێر و دەوروبەری، لە چارەسەرکردن و کۆتاییهێنان بە کێشەکانی نێوانیان. هەر بەم هۆیەشەوە چەند خەڵاتێکی فەخری لە لایەن عوسمانییەکان و دەوڵەتی مەلەکی عێراقەوە پێدراوە.

٣- (مەلا فەندی) کەسایەتییەکی واقیع بین (پراگماتیک) بوو لە خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا، بە نموونە، کاتێک دەزانێت هێزەکانی عوسمانی تێکدەشکێن، لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، دەزانێت بەرگریکردن هیچ بایەخێکی نییە، بۆیە دەکرێت لەگەڵ ئینگلیزەکان لە بری دژایەتی دۆستایەتی هەڵدەبژێرێت.

٤- ئەنجامی ئەو دۆستایەتیەی (مەلا فەندی) لەگەڵ بەریتانییەکان و بنەماڵەی مەلیک فەیسەڵ بە سەروەت و سامان بەخشین و پێدانی لەلایەک و پێدانی یەکەم پۆستی موتەسەریفی هەولێر بە کوڕی ئامۆزاکەی (ئەحمەد عوسمان ١٩٢٣-١٩٢٧) لێکەوتەوە.

٥- زۆربەی سیاسی و کەسایەتییەکان هەرکە سەردانی هەولێریان کردووە، سەردانی (مەلا فەندی) یان کردووە لە باداوە یان مزگەوتی گەورەی قەڵا، پرس و ڕاوێژیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان پێکردووە.

٦- یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی (مەلا فەندی) هەبوونی کەسایەتییەکی کارێزما و خۆشەویست بووە لە نێو خەڵک. بەبێ ئەوەی گەشتی دەرەوەی کردبێت، جگە لە یەک جار سەردانیکردنی شاری مووسڵی کردووە، بۆ وەرگرتنی چارەسەر سەردانی کردنی دکتۆری ددان و لە هەمان ڕۆژیش گەڕاوەتەوە هەولێر.

٧- یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی (مەلا فەندی) ئەوە بووە، کە کەس بە خراپە وەسفی ئەو کەسەیان نەکردووە ئەوەش بە هۆی کاری چاکەکاری، خێر و بەخشین و میواندۆستی لە لایەک و خۆگونجاندنی لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە لایەکی دیکەوە، بە جۆرێک واقیع بین بووە تەنانەت لە بری دژایەتی دۆستایەتی داگیرکاری ئینگلیزی کردووە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

٨- (مەلا فەندی) جگە لەوەی مەلا بووە، فەلەکناس، ڕووەکناس و فرە پسپۆڕ بووە. تەنانەت چەند دانراوێکی دەربارەی فەلەکناسی هەیە، بەڵام بەشێکی زۆری دەستنووسەکانی لەناوچوون لە دوای شۆڕشی تەممووزی ١٩٥٨ و دواتر سووتانی کۆشکی باداوە بە کتێبخانەکەیەوە.

٩- بەریتانییەکان و دەسەڵاتدارانی مەلەکی عێراق، (مەلا فەندی)یان بەکارهێناوە بۆ چارەسەکردنی کێشەکان و قەناعەت پێکردنی خەڵکی هەولێر، هەر لە بەدەستەوەدانی هەولێر لە ساڵی ١٩١٨ و بەرگرتن لە پێشڕەوییەکانی عەشایەری دەوروبەری هەولێر بۆ نێو شار لە ساڵی ١٩٢٠، دەنگدان بە مەلیک فەیسەڵ لە ساڵی ١٩٢١، ڕازیبوون بە چوونە پاڵ دەوڵەتی عێراق ١٩٢٥ ... هتد.

## لیستی سەرچاوەکان

**سەرچاوە ڕەسەنە بڵاوکراوەکان:**


- ڕەحمان، ئاشتی (٢٠٢٢)، هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٦٦٧-١٩٢٠ بەرگی دووەم، چاپی دووەم، هەولێر.
- ڕەحمان، ئاشتی (٢٠٢٢)، هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٧٠٥-١٩١٢، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر.

**کتێبە کوردییەکان یاخود وەرگێڕدراو بۆ کوردی :**

- بارزانی، مەسعود (٢٠٢٠)، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨.
- بەتاتۆ، حەننا (٢٠٢١)، سەرۆک هۆز و جووتیار لە عیراق ١٩١٧-١٩٥٨، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، سدیق ساڵح، تاران.
- بێخاڵی، مەولوود قادر (١٩٩٧)، هەولێرم وا دیوە و .. بیستووە، بەرگی دووەم، هەولێر.
- جیاووک، مەعروف (٢٠٠٨)، کارەساتی بارزان ی زوڵملێکراو ١٩٥٤، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.
- خان ئاودەڵی، فاخر عالی (٢٠١٤)، ڕۆڵی زانایانی ئاینی لە ژیانی سیاسی هەولێردا ١٩٤٥-١٩٧٥، هەولێر.
- خواجە، ئەحمەد (٢٠١٦)، چیم دی، چاپی سێیەم، بنکەی ژین- چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەبدولقادر، نەهرۆ محەمەد (٢٠١٢)، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- قادر، مهدی محمد (٢٠١٣)، هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩، هەولێر.
- قادر، مەهدی محەمەد (٢٠٠٨)، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠، هەولێر.
- لۆریمەر، جۆن گۆردن (٢٠٢٠)، سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆریمەر بۆ باشووری کوردستان - نیسان و مایسی ١٩١٠، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، ڕەوەند سەباح، تاران.
- محەمەد، مەسعوود (٢٠١٦)، گەشتی ژیانم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- **گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**
- ئەمین، ستار محەمەد (ئابی ٢٠٢١)، مەلا فەندی یەکەم کەس بووە لە هەولێر کچی خۆی ناردۆتە قوتابخانە، گۆڤاری دیوان، ژمارە ٣، هەولێر، ل ل ٤-٧.
- شارەزا، کەریم (١٨-٩-١٩٩٤)، زانای ناوداری کورد مەلا فەندی، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژنامەیەکی حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە، ژمارە ٢٠٤٥.

- شارەزا، کەریم (١٩-٩-١٩٩٤)، زانای ناوداری کورد مەلا فەندی، بەشی سێیەم، ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژنامەیەکی حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان بە زمانی کوردی بڵاو دەکردەوە، ژمارە ٢٠٤٦.
- موفتی، عوسمان (زستانی-٢٠٠١)، حاجی عومەر ئەفەندی کوڕی مەلا گچکە چەند ئیجازەیێکی عیلمی (١٢٠٣ک-١٣٠٩ک) (١٨١٤ز-١٨٩١ز)، گۆڤاری هەولێر.

**ئینسکلۆپیدیا:**

- بەرزنجی، سەید بەکر (٢٠١٢)، کەسایەتییە ناودارەکانی کورد ئینساکلۆپیدیای وەڵامی کورد، بەرگی ٣، بەیروت.
- هەمزە، مەسعود مەلا (٢٠٠٩)، یەکەمین قوتابخانەی کچان لە هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم.

**چاوپێکەوتنەکان :**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئازاد عزەدین مەلا ئەفەندی). (٣٠-٨-٢٠٢١)، هەولێر. ناوبراو لەدایکبووی ١٩٥٠ دەرچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدا ١٩٧٥، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای دادوەری تەواو کردووە، دواتر لە دادگاکانی هەولێر سەرقاڵ بووە بە کاری دادوەری، لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٩ -٢٠٠٦ وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بووە. لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٦-٢٠٠٩ وەزیری داد بووە. لە ٢٠١٠ ەوە خانەنشین کراوە بە پلەی وەزیر.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ (کەنعان ڕەشاد موفتی)، (١-١٢-٢٠٢١)، هەولێر. لە ساڵی ١٩٥٣ دەرچووی بەشی عەرەبی کۆلێژی ئاداب زانکۆی بەغدا، بەڕێوەبەری شتی شوێنەواری و هەولێر بوو لە ساڵی ٢٠١٨ خانەنشین بووە.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ (مەحمود ئەحمەد عوسمان). (٢٤-١١-٢٠٢١)، هەولێر. ناوبراو لە هەولێر لە ساڵی ١٩٣٢ لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە هەولێر و بەغدا خوێندووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٥ خوێندنی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی کامبریج لە بەریتانیا لە بواری هونەر خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٧ گەڕاوەتەوە بەغدا، بووەتە کارمەند لە کۆمپانیای نەوتی باکوور و چەند فەرمانگەیەکی دیکە تا لە ساڵی ١٩٩٦ خانەنشین دەبێت و لە بەغدا دەمێنێتەوە تاساڵی ٢٠٠٣، لەو ساڵە بەدواوە دەگەڕێتەوە هەولێر و تا ئێستا لەو شارەدا ژیان بەسەر دەبات. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (عثمان، محمود أحمد (٢٠١١)، مصابيح وظلمات استذكارات، الطبعة الثانية، بيروت).

**المصادر العربية :**

- افندی، ابوبكر عمر (١٣٥٠ الهجري= ١٩٣١)، علم الاسطرلاب، ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، السليمانية.
- باشا، سندرسن. (١٩٨٢)، مذكرات سندرسن باشا طبيب العائلة الملكية في العراق ١٩١٨-١٩٤٦، ترجمة: سليم طه التكريتي، الطبعة الثانية، مكتبة اليقظة العربية، بغداد.
- دزەیی، ٢٠٠١، محسن دزەیی أحداث عاصرتها، الجزء الأول، حاوره طارق شريف، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل - ٢٠٠١ .
- عثمان، محمود أحمد (٢٠١١)، مصابيح وظلمات استذكارات، الطبعة الثانية، بيروت.
- علي، فائق الشيخ (٢٠٠٢)، مذكرات وريثة العروش الأميرة بديعة إبنة الملك علي حفيدة ملك العرب الشريف حسين بن علي تروي سيرة أهلها ملوك وملكات الشام والحجاز والأردن والعراق أهم وثيقة عربية في القرن العشرين، دار الحكمة، لندن.
- الگورانی، علي سيدو (٢٠١٢)، من عمان الى العمادية أو جولة في كردستان الجنوبية، مطبعة آراس-أربيل.
- مراد، خليل علي (٢٠٠٥)، مختارات من كتاب الموصل و كركوك في الوثائق العثمانية، السليمانية، مطبعة شڤان.

**الصحف العربية :**

- اسماعيل، زبير بلال (١٩٧٨). أبوبكر أربلي (کچک ملا)، الرسالة الإسلامية، العدد ١١٥-١١٦، ص ص ٩٤-١٠٢.
- شريف، طارق ابراهيم (١٤-١٠-١٩٩٤). العدسة تتذكر اسماء واحداث في ذاكرة، صحيفة خەبات، العدد (٧٤٦).
- فتى العراق، العدد ٢٤٥-٥٤٤، السنة الثانية، الموصل، ١١ شباط ١٩٤٣.

**The National Archives**

- Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor A.L.P. Burdett, vol 8, 1930-1939, Memorandum, Visit of H. E. the high commissioner and the prime minister, dated the 6th August 1930.
- Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor A.L.P. Burdett, vol 8, 1930-1939, Memorandum, dated: 11th August 1930, the acting high commissioner with Ja'far Pasha, Jmil Madfa'I and Jamal Baban arrived the 9th August 1930.
- Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor A.L.P. Burdett, vol 8, 1930-1939, Memorandum, dated: 11th August 1930, copy of secret D. O. No. S. 45c dated 11.08.1930 from G. C. Kitchiing Esq., O. B. E.,

administrative inspector, Arbil and Kirkuk Liwas to Sir Kinahan Cornwallis, K.T, C. M. G, C. B. E, D. S. O., adviser to ministry of interior Baghdad.
- Records of the Kurds Territory, Revolt and Nationalism 1831-1979, British Documentary Sources, Editor A.L.P. Burdett, vol 8, 1930-1939, Memorandum,
- The National Archives, Catalogue Reference, CAB/24/126 Image Reference, 0023 report on Middle East conference held in Caro and Jerusalem March 12th to 30th 1921.
- The National Archives, FO 371/4192 Precis of affairs in southern Kurdistan during the Great War.

**English sources**

- Gertrude L. Bell, Review of the Civil Administration of Mesopotamia, C.B.E. India Office, 3rd December-1920.
- Hay, W. R. (1921), Two years in Kurdistan Experiences of a Political Officer 1918, 1920, London.
- Iraq administration reports 1914-1932. (1992), vol 7, Oxford.
- lyon, Wallace8. (2002), Kurds, Arabs and Britons, London.
- Simon, Reeva Spector and Tejirian, Eleanor H. (2004), The creation of Iraq, 1914-1921, New York.

Internet Websites

- Gertrude, Miss Bell. (September 2004), The Letters of Gertrude Bell volume 2, 1927, "A project Gutenberg of Australia eBook", dated first posted:. http://gutenberg.net.au/ebooks04/0400461h.html#ch21, Last accessed, 25-11-2021.
- https://www.awene.com/detail?article=72859 last accessed 10-07-2022 ،گۆرکاس، ئاوێنە بزاڤی شارستانی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ماندێتی بەریتانیادا: سلێمانی، ساڵانی ١٩١٨-١٩٣٠.
- (last accessed 12-07-2022) https://ckb.wikipedia.org/wikiمەلا_فەندی/

## الملخص

## الدور الثقافي والسياسي لملا أبوبكر أفندي ١٨٦٣-١٩٤٢

(أبوبكر أفندي) الذي لقب أيضا ب (ملا فندي) أو (ملا كچک)، ولد عام ١٨٦٣ في عائلة دينية غنية في أربيل. عاش (ملا فندي)، (الشخصية المخضرمة)، في فترتين متميزتين، الأولى أواخر الدولة العثمانية، وقد كثرت في هذه الفترة النزاعات القبلية الكوردية سواء بين الكورد أنفسهم، أو بينهم وبين الدولة العثمانية، وكذلك فترة الصراع العثماني – القاجاري

(الإيرانية)، أي (السني – الشيعي) و اختلافات الطرائق الصوفية (النقشبندية – القادرية). ولد وعاش (ملا فندي) في (أيالة الموصل) المتاخمة للدولة القاجارية (الإيرانية)، لذلك أهتم العثمانيون اهتماما بالغا ماديا ومعنويا بعائلة (ملا فندي) و (المدرسة الأحمدية)، لتكون بمثابة السد في وجه الحركة الفكرية (التبشيرية) الشيعية في المنطقة. إضافة الى ذلك، لعب (ملا فندي) دورا في إنهاء النزاعات والمشاحنات بين العشائر الكوردية، لذلك تم منحه (وسام السلطان) من قبل الدولة العثمانية في سنة ١٩٠٨. والفترة الثانية بدأت قبل اندلاع الحرب العالمية الأولى حيث بنى (ملا فندي) قصر (باداوه) في ضواحي أربيل آنذاك. وخلال الحرب العالمية الأولى كانت أربيل تحت السيطرة العثمانية. ولكن في نهاية الحرب أحتل البريطانيون أربيل سلميا في ١٠-١١-١٩١٨. بدأ (ملا فندي) بممارسة دوره من ذلك اليوم في حماية المسيحيين في أربيل من الانتقام الذي كانت تمارسه بعض البقايا العثمانية. ساند سلطة الاحتلال البريطاني، ولعب دورا أساسيا في إقناع العشائر والوجهاء في أربيل بالتصويت لصالح المرشح الوحيد (فيصل بن حسين) في استفتاء سنة ١٩٢١ لينصب كأول ملك على البلد. إضافة إلى ذلك، ساند فكرة ضم ولاية الموصل إلى الدولة العراقية بدلا من أن تكون جزءا من الدولة التركية وذلك أثناء زيارة لجنة تقصي الحقائق في سنة ١٩٢٥، المشكلة من قبل عصبة الأمم. استمر (ملا فندي) في نشاطه التدريسي، ومساعيه في المصالحة العشائرية، وأعماله الخيرية إلى آخر يوم في حياته في ٣١-١٢-١٩٤٢.

**الكلمات الدالة:** قصر البادواه، مدرسة أحمدية الدينية، الاحتلال الإنكليزية، العائلة الملكية العراقية، المشاكل العشائرية.

## Abstract

## The intellectual and political role of Mulla Abubakir Effendi 1863-1942

Mulla Abubakir Effendi was born in 1863 from a wealthy religious family of Erbil. The period in which he was born, was distinguished for a set of significant changes taking place in the region. For instance, sectarian competition between Iranian and Ottoman Empires on the region, Iranian missionaries who tried to convince tribal people to follow them and practice Shi'a doctrine in the Mosul province. As a result, Ottomans supported Sunnite Mullahs and schools in the region, among them Mullah Effendi and his

religious school Ahmadia in Erbil in order to prevent the spread of Shi'ism. Furthermore, he played a significant role in reconciling Kurdish tribal rivals. Therefore, the Ottoman Empire awarded (the Wisam Prize) in 1908. Due to the fact that one of his wives was infected with Tuberculosis (TB), he moved to a village named (Badawa) where was located about 3 km to the east of Erbil. During the First World War, Erbil was safe and under the control of the Ottoman Empire.

On the 10th of December 1918, the British Army controlled Erbil without facing any resistence, and the remnants of the Ottoman troops left Erbil. Mulla Abubakir Effendi played a significant role both in convincing the people of Erbil to accept British occupation and protect Christians of Erbil from any retaliation. In this phase, he became a great leader in Erbil and the whole region to solve problems among rival tribes and the British officials who stayed in Erbil or visited the town. Furthermore, he had an important role to persuade people of Erbil to vote in the favor of imposing first king of Iraq (Faisal Hussein 1921-1933) in a superficial Referendum in August 1921 and annexing Southern Kurdistan to Iraqi Monarchy. He continued in teaching at the religious school named Ahmadia in Erbil and reconciling among rival tribes until he passed away 1942.

**Key Words:** Badawa Palace, Ahmadiya religious school, English Occupation, Iraqi King's family, tribal issues.